






**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی پلان دانان**

**دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان**


# ڕاپۆرتی بەدواداچوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٣


RAND CORPORATION

حكومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلان دانان

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# ڕاپۆرتی بەدواداچوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان

**2013**

© شوبات 2015
مافی چاپکردن و بلأوکردنەوەی پارێزراوە.
لەکاتی لێ وەرگرتنی زانیاری لەم راپۆرتە تکایە ئاماژە پێی بکەن وەك ئەوەی لە خوارەوە پێشنیار کراوە
دەستەی ئاماری هەرێم، 2015 ،بەشی ئاماری کۆمەلأیەتی _ راپۆرتی بەدواداچوونی بارودۆخی کۆمەلأیەتی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان 2013،
.هەولێر —هەرێمی کوردستان
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە :
ناونیشانی سایتی ئەلیکترۆنی : www.krso.net
تەلەفۆنی بگۆر:. 70 91 255 066
ئیمەیلی :Contact@krso.net

زنجیرە 35

## پێشەکی:

دوابەدوای یەکەم راپۆرتی (چاودێری بارودۆخی ئابوری و کومەلایەتی لە هەرێمی کوردستانSEMS) کەلە سالی 2013دەرچوو،دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دووەم راپۆرتی SEMSدەرهێنا لە کوتایی سالی 2014.

گرنگی راپۆرتەکە لەوە دایە کە بەردەوام داتا ونیشاندەری نوێ داخل دەکات تاکو رێژەکان گۆرانکاری لە چەندە ها نیشاندەری دەرکەوێ.لەم راپۆرتەدا،رێژەی هەژاری لە نێوان2007-2012 دانرا و هەروەها زیاتر پشت بەسترا بە دەرئەنجامەکانی رووپێووی کارو بێکاری لە هەرێمی کوردستان بۆشی کردەنەوەی بوارەکانی تری کۆمەلگا وەك پەروەردە،تەندروستی،کشتوکال و کەرتی تایبەتو بازاری کار.

دەستەی ئاماری هەرێم بەردەوام دەبێ لە دەرهێنانی (راپۆرتی SEMS )بە پی ێ توانا و بوونی داتا کە دەکرێ ئەم راپۆرتە بە کار بێ وەك سەرچاوەی زانیاری و داتا بە بێ ئەوەی پێویست بێ بەگەرێنەوە بۆ راپۆرتەکان.

## ناوەڕۆک

پوختەی جێبەجێکاری ........ 2

1. پێشەکی ........ 6

2. هەژاری ........ 10

3. پەروەردە ........ 15

4. جۆری کۆمەڵایەتی ........ 20

4. تەندروستی ........ 25

6. دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان ........ 29

7. کشتوکاڵ ........ 33

8. ئابوری گشتی ........ 36

9. کەرتی تایبەت ........ 39

10. بازاڕی کار ........ 42

11. گەشت و گوزار ........ 47

12. گواستنەوە ........ 49

13. بەڕێوەبردن ........ 50

14. دەرئەنجام ........ 52

## پوختەی جێبەجێکاری

لەم راپۆرتەدا، وێنەیەك دەربارەی باری ئابوریو خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیو ئابوری دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عیراق دەخەینەڕوو. هەروەها ئەگەر شیاوبێت نیشاندەرەکانی ئێستا لەگەڵ نیشاندەرەکانی رابردوو بەراورد دەکەین بۆ دیاریکردنی گۆڕانکاریەکان.

ئەم داتایانەی لەم راپۆرتەدا خراونەتەڕوو ئەمانەن:

### هەژاری

- رێژەی تاکەکان لە هەرێمی کوردستان کە لەژێر هێلی هەژاری نیشتمانی دەژین دابەزیوە لە 4.7٪ بۆ 3.5٪ لە نێوان 2007 و 2012. خاوەندارێتی کردنی کەلوپەلی وەك ئۆتۆمۆبێل و بەفرگر هەمان راستی نیشان دەدات. هەروەها هەژاری لە سەرانسەری عیراق دابەزینی بەخۆوە بینیوە بەڵام رێژەکانی هەژاری لە بەشەکانی تری عیراق بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزتربوو و بەرزتر دەمێنێتەوە بە بەراوورد لەگەڵ هەرێمی کوردستان.
- ئەگەرچی هەژاری لە هەرێمی کوردستان بەگشتی کەمە، بەڵام جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان پارێزگاکانی بەدی دەکرێت: رێژەی هەژاری لە سلێمانی تەنها 2٪ بەڵام لە دهۆك نزیکەی 6٪ و لە هەولێر 3.6٪.
- رێژەی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کە بەشێوەیەکی مامناوەند یان زۆر تووشی کەم کێشی بوون بەگوێرەی تەمەن (کە پێوەرێکی نا ماددیە بۆ خۆشگوزەرانی) 6.7٪ بوو. ئەمەش بە ئاشکرا کەمترە لە عیراق بە گشتی (8.5٪) بەڵام بەرزترە وڵاتانی ناوچەکە: تێکڕای گشت وڵاتانی رۆژئاوای ئاسیا 5٪ بوو.

### پەروەردە

- رێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی سەرەتایی لە هەرێمی کوردستان 95.9٪ بە زیادەی 4.5٪ لە عیراق بەگشتی.
- رێژەی تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی بەشێوەیەکی دیار نزمترە لە کۆی گشتی تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی (کە بەرزترە لە 100٪) تەنها 64.9٪ ە، واتا زۆر منداڵ خوێندنی سەرەتایی تەواوناکەن لە تەمەنی 11 ساڵیدا. بەڵام هەردوو رێژە لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو لە رێژەکانی عیراق بەگشتی بەرزترن.
- رێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی دواناوەندی لە هەرێمی کوردستان بەرزە: نزیکەی 90٪ لە کەسانی تەمەن 12-17 دەچن بۆ قوتابخانە.
- 94.1٪ی کوڕانی (تەمەن 15-24) لە هەرێمی کوردستان خوێندەوارن بەڵام تەنها 84.9٪ی کچان دەڵێن توانای خوێندنەوە و نووسینیان هەیە.

## جۆری کۆمەڵایەتی (نێر و مێ)

- بەدیهێنانی یەکسانی لە پەروەردە هەنگاوێکی سەرەکیە بەرەو بەدیهێنانی دەرفەتی یەکسان بۆ پیاوان و ئافرەتان. نیشاندەرەکانی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی ئاماژەدەکەن کە ژمارەی کچانی دەچنە بەر خوێندن هەمان ژمارەی کوڕانە جگە لە خوێندنی باڵا نەبێت، هەرچەندە تەنانەت لەم ئاستەچ ڕێژەکە بەرەو یەکسانبوون دەچێت.
- لەگەڵ ئەمەش، ڕێژەی ئەو ئافرەتانانەی کاردەکەن بەرامبەر بە کرێ لە کەرتەکانی جگە لە کەرتی کشتوکاڵی 17.2٪ مایەوە، نزیکەی نەگۆڕاوە لەگەڵ ساڵێك لەمەوبەر.

## تەندروستی

- سەبارەت بە فرە نیشاندەری تەندروستی، هەرێمی کوردستان تا رادەیەك لە دوای وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکور ئەفریقا دێت. ڕێژەی مردنی منداڵ نزمترە لە ریەی ناوچەکانی تری عیراق بەڵام بەشێوەیەکی دیار بەرزترە لە لوبنان، تونس، میسر و تورکیا.
- بەهەمان شێوە، ڕێژەی کوتان لە هەرێمی کوردستان بەرزترە لە بەشەکانی تری عیراق بەڵام بەگشتی کەمترە لە وولاتانی تری ناوچەکە.
- لە نێوان نیشاندەرەکانی گەیشتن بە خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی، زۆرینەی لەدایکبووان لە هەرێمی کوردستان (92.4٪) لەسەر دەستی کارمەندی لێهاتوو ئەنجام دەدرێن، کە زۆر بەرزترە لە میسر (79٪) بەڵام کەمترە لە تورکیا (95٪).
- بەربڵاوی مەنع کردن، یان ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی هاوسەرگیریان کردووە (تەمەن 15-49) کە رادەگەیەنن شێوازی سەردەمی مەنع کردن بەکاردەهێنن گەیشتە 64.5٪ لە 2011. ئەمەش یەکسان بوو لەگەڵ میسر بەڵام کەمتر بوو لە تورکیا، هەروەها تا رادەیەك بەرزتر بوو لە تێکڕای گشتی وولاتانی رۆژئاوای ئاسیا کە 56٪ بوو لە 2010.

## کشتوکاڵ

- ڕێژەی کارمەندان لە کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان نزمە، تەنها سەرووی 5٪. بە پێچەوانەوە، 76٪ ی کارمەندان لە هەرێمی کوردستان لە کەرتە خزمەتگوزاریەکان کاردەکەن و نزیکەی 19٪ لە پیشەسازی. بەشی زۆری کارکردن لە کەرتی کشتوکاڵ لە پارێزگای سلێمانیە (6.8٪) و کەمترینی لە پارێزگای دهۆکە (4٪).
- ئەم ڕێژەیە دابەزی لە ڕێژەیەکی نزم (6.1٪) لە 2012 بۆ 5.2٪ لە 2013. دهۆك و هەولێر دابەزینی بەرچاویان بەخۆوەبینی، لە کاتێکدا لە سلێمانی بەرزبوونەوەیەکی کەم روویدا.

## دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان، ئاو، کارەبا

- دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان لە کوردستان بەردەوام بەرو باشتردەچێت، کە نزیکەی هەموو ماڵەکان (زیاتر لە 97٪) ئاو و ئاوەڕۆی باشیان هەیە.
- ڕێژەکانی کوردستان پەسەندە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری عیراق و وولاتانی تری ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

## ئابوری گشتی

- لە 2013، کۆی بودجەی هەرێمی کوردستان نزیکەی 17 ترلیۆن دیناری عیراقی بوو. لەم برەیە، 5.33 ترلیۆن (31.4٪) بۆ وەبەرهێنان تەرخانکرابوو. خەرجیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عیراق بەگشتی وەك بەشێك لە تێکرای بەرهەمی هەرێمی/خۆماڵی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاتر بوو لە میسر، ئەردون، میرنشینە عەرەبیە یەکگرتووەکان. ئەگەر لە رێژەی تەرخانکراو بۆ وەبەرهێنان لە بودجەی حکومەت بڕوانین، ئەوا دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان و عیراق بە باشی بەراورد دەکرێن بە وولاتانی ناوچەکە. تەنها میرنشینە عەرەبیە یەکگرتووەکان رێژەکەی لە نێوان رێژەکانی هەرێمی کوردستان و عیراقە.
- هەلاوسانی سالانە لە نێوان کانونی یەکەمی 2012 و کانونی یەکەمی 2013 لە هەرێمی کوردستان 4٪ بوو. رێژەکە 5.6٪ بوو لە کانونی یەکەمی 2011 و کانونی یەکەمی 2012.

## کەرتی تایبەت

- نزیکەی نیوەی دانیشتوانی دامەزراو لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی گشتی کاردەکەن.
- زۆرینەی هێزی کار لە کەرتی خزمەتگوزاری کاردەکەن (76٪)، پاشان چالاکیە پیشەسازییەکان (18٪) و چالاکیە سەرەکیەکان (6٪).

## بازاڕی کار

- رێژەی بێکاری (ئەو بەشەی هێزە کار کە ئارەزوودەکەن و لە توانایاندا هەیە کاربکەن و بەدوای کاردا دەگەڕێن بەلام کارناکەن) بە 2013 گەیشتە 6.5٪، کەمتر لە رێژەی 7.9٪ ی 2012. بەلام رێژەی بێکاری لە نێوان لاوانی تەمەن (15-24) ساڵان زۆر بەرزترە کە 17٪.
- لە 2013، رێژەی بەشداربوون لە هێزی کار لە تەمەنی 15 ساڵ و سەرووتر 39.8٪ بوو، زیاتر بە رێژەی 1.5٪ لە 2012. لە کاتێکدا نزیکەی دوو سێیەکی پیاوانی سەرووی 15 ساڵ لە هێزی کارن، تەنها 16.1٪ ی ئافرەتان لە هێزی کارن.

- لە سەرەنجامی ڕێژەی بەرزی بەشداربوون لە هێزی کار و ڕێژەی کەمی بێکاری، زۆری خەڵك لە هەرێمی کوردستان لە 2013 کاریان دەکرد. بەتایبەتی، ژمارەی کارمەندانی بە مووچە هەڵکشا لە 819 هەزار لە 2012 بۆ 872 هەزار لە 2013.

## گەشتوگوزار

- کوردستان پێگەیەکی گرنگە بۆ سەردانیکردن لە بەشەکانی تری عیراق و وولاتانی تر کە لە 2013 نزیکەی 150.000 کەس سەردانیان کرد.

## گواستنەوە

- تۆڕی ڕێگاوبانی کوردستان لە فراوانبوون دایە، لەگەڵ بەردەوامی زیادبوونی دەرفەتەکان بۆ دروستکردنی سیستەمی ڕێگاوبانی سەرەکی لە نێوان شارەکان.

## بەڕێوەبردن

- ڕێژەی ڕاگەیاندنی خێزانەکان سەبارەت بە دانی بەرتیل لە هەرێمی کوردستان (3.7٪ بوو لە 2011) زۆر نزمترە لە هەر شوێنێکی تر لە عیراق (11.6٪).
- بوارێکی گەشەکردنی گرنگ بۆ بەڕێوەبردن باشترکردنی پرۆسەی دامەزراندنی فەرمانبەرانی حکومیە، لە ڕێگای ووردبینیکردن و پەیوەست بوون بە تواناکانی کار.

## 1. پێشەکی

ئاماری ورد و دروست زۆر گرنگە بۆ داڕشتنی سیاسەتی هەر هەرێم یان وڵاتێک. ئامارەکان ڕێگەخۆش دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی پێویستییە هەنوکەییەکان، ئاشنابوون بە پێشکەوتنی سیاسەت و پرۆژەکانی ئێستا، هەروەها پلاندانان بۆ ئایندە. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم دواییانەدا هەوڵی جدی داوە بۆ بەرەوپێشبردنی بەردەستبوونی داتا لەسەر هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشبردنی تواناکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی ئەو داتایانە.

وەک بەشێک لەم هەوڵە، ئەم ڕاپۆرتە دووەم ڕاپۆرتی ساڵانەی پلان بۆ دانراوە کە پوختەیەک پێشکەش دەکات لەسەر نیشاندەرە سەرەکییەکانی بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان. سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA) پێشنیاریان کردوە سیستمێکی چاودێری کۆمەڵایەتی-ئابووری (Socio-Economic Monitoring System (SEMS) دروست بکرێت کە زۆر ڕەهەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەخۆبگرێت، لە نێوانیاندا ئەم نیشاندەرانەی بەکاردێن بۆ ئیَوانی هەولەکانی ئەنجامدراو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پێشکەوتووی هەزارەیی (MDG) [1]. هەروەها کۆکردنەوە و ڕاپۆرتدان لەسەر "نیشاندەرە سەرەکییەکان"، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە داڕێژەرانی سیاسەت لە ئاستی باڵادا، تا لە کاتی داڕشتنی ستراتیژەکاندا گرنگترین ئەولەویەتەکانی هەرێمی کوردستان لەبەرچاوبگرن.[2]

ئەم نیشاندەرە سەرەکییانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا، زۆربەی ئەو بابەتانە دەگرنەوە کە لە سیستمی چاودێری کۆمەڵایەتی-ئابووری هاتووە، لەبەرئەوە دووبارەبوونەوە هەیە لەنێوان ئەم دوو کۆمەڵە نیشاندەرانە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دووبارەبوونەوەیە، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە کە باشترین ڕێگە بریتییە لە پێشکەشکردنی یەک ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر ئەم نیشاندەرانە و تەنها ئەو نیشاندەرە سەرەکییانەی کە پەیوەستن بە سیستەمی چاودێری کۆمەڵایەتی-ئابوورییەوە.

نیشاندەرەکان ئەم بوارانەی خوارەوە دەگرنەوە:

- هەژاری
- پەروەردە

---

[1] ئامانجە ڕەسمیەکانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارە (MDGs) لەپاشکۆی A هاتووە. هەروەها سەیری ڕاپۆرتی 2012 ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارە بکە .http://www.un.org/millenniumgoals/pdf/MDG%20Report%202012.pdf.

[2] ئەم ڕاپۆرتەی ڕاند (RAND Corporation) پێشنیاری کۆکردنەوە و ڕاپۆرتدان دەکات لەسەر "نیشاندەرە سەرەکییەکان" بۆ ڕەچاوکردنی ئەولەویەتە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان: Sandra H. Berry, Nicholas Burger, Harun Dogo, Krishna B. Kumar, Alessandro Malchiodi, Jeffrey Martini, Tewodaj Mengistu, Howard J. Shatz, Alexandria C. Smith, Artur Usanov, and Joanne K. Yoong، **ئەو کەسانە سیستەمێك دادەرێژن بۆ کۆکردنەوەی داتای پەیوەندی دار بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان**. RAND MG-1184-KRG, January 2012.

- جۆری کۆمەڵایەتی
- تەندروستی
- کشتوکاڵ
- دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، ئاو و کارەبا
- ئابووری گشتی
- کەرتی تایبەت
- بازاڕی کار
- گەشتوگوزار
- گواستنەوە
- حوکمڕانی

نیشاندەرەکانی ئەم بابەتانە تێڕوانینێکی بەرفراوان دابین دەکەن لەسەر دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان و چەند کەرتی دیاریکراو. هاوکات وێنەیەکی هەمەلایەن دابین دەکەن لەسەر گوزەران لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی چەندین ڕەهەند، وەک هەژاری، دەستگەیشتن بە پەروەردە و یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی. هاوشێوەی ئەمە گرنگ، ڕاپۆرتەکانی دواتری سیستمی چاودێری کۆمەڵایەتی-ئابووری نیشانی دەدەن کە ئاستی پێشکەوتن چەند باشە لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ئەم ڕەهەندانەدا – هەروەها ئاستی پێشکەوتن چەند باشە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارە (MDGs).

شایەنی باسە هەندێك لەو نیشاندەرانە - لەگەڵ نیشاندەرەکانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارەیی – پێشبینی دەکرێت تا ڕادەیەك گۆڕانکاری هێواش هێواش تیا ڕوودات بۆیە ڕەنگە پێشکەوتنەکە لەسەر بنەمای ساڵانە تۆمار نەکرێت. هەروەها زۆر لە نیشاندەرەکان لەسەر بنەمای ساڵانە کۆنەکراونەتەوە بەڵکو جارێك لە هەر چەند ساڵێك کە ڕوپێوی پێویست تیایدا ئەنجامدراوە. بۆ نموونە، ماوەی نێوان دواهەمین دوو ڕووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابووری خێزانی عێراق (IHSES) two Iraqi Household Socio-Economic Survey – کە زانیاری دابین دەکات بۆ هەژمارکردنی هەژاری – پێنج ساڵ بوو (٢٠٠٧ و ٢٠١٢). داتای تر بەردەوام کۆدەکرێتەوە بەمەش دەرفەت دەبێت بۆ بەدواداچوونی ساڵانە، وەك داتاکانی ئابوری گشتی، داتاکانی کەرتی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار، زانیاری دەربارەی هێزی کار (ئەوەی کۆتایی لە ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان (KRLFS)).

زۆربەی ئەو نیشاندەرانەی لەم ڕاپۆرتەدا پێشکەش دەکرێن بەشێوەی بڵاوکراوە بەردەستن، لەوانە زۆربەی پێوەرە تەندروستییەکانی وەک کوتانی منداڵان و منداڵبوون لەسەر دەستی کادیری تەندروستی پیشەییدا، کە ئێستا بەردەستن لە چوارەم ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەری عێراقی ( Fourth Iraq Multiple Indicator Cluster Survey (MICS4) کە تازە دەرچووە. هاوشێوەی ئەمە نیشاندەری تازەی زانیارییەکانی کار، و تاڕادەیەکی کەمتر نیشاندەرەکانی پەروەردە، بەردەستن لە ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان (KRLFS)، کە بە شێوەیەکی بەردەوام ئەنجام دەدرێت. چەندین نیشاندەری تر هەن، کە پێویستە بەشێک بن لەم ڕاپۆرتە، بەڵام لەئێستادا بەردەست نین، لەبەرئەوەی هێشتا کۆناکرێنەوە لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە، یان

لەبەرئەوەی لە پرۆسەی کۆکردنەوەدان بەڵام لەکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا دەستمان پێیان نەگەیشت. زۆربەی ئەم گروپانە "نیشاندەری سەرەکیی"ن کە پێشتر دیاریکراون و ئومێد دەکەین کە بۆ راپۆرتی ساڵانی داهاتووی سیستەمی چاودێری کۆمەڵایەتی-ئابووری بەردەست دەبن. هەموو کۆمەڵە نیشاندەرەکان، ئەوانەی کە لەم راپۆرتەدا هەن و ئەوانەش کە لەم راپۆرتەدا بەردەست نین، بەڵام پلانمان هەیە لە راپۆرتەکانی تردا پێشکەشیان بکەین، لە (پاشکۆی ب)دا ریزکراون.

هەموو هەوڵێکمان داوە بۆ بەدواداچوونی نیشاندەرەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات. لەگەڵ ئەوەش، رووپێوەکانی وەك (MICS) ساڵانە ئەنجام نادرێن، بۆیە شیاو نیە نیشاندەرەکانی لەم رووپێویە وەرگیراون ساڵانە بەراورد بکەین. لە کاتێکدا بەردەوام دەبین لە پێشکەشکردنی نیشاندەرەکانی رووپێوی (MICS4) بۆ پارێزگاری بەردەوامی، هەروەها لە زۆر حاڵەتدا دواهەمین نیشاندەرەکانی رووپێوی (IHSES 2012) پێشکەش دەکەین و بەراوردیان دەکەین بە نیشاندەرەکانی (IHSES 2007) بۆ بەدواداچوونی پێشکەوتنی بەدیهاتوو. بەدواداچوونی پێشکەوتنی بەدیهاتوو روونتر و دیارترە لە نێوان رووپێوەکانی (KRLFS) کە لە ساڵانی 2012 و 2013 ئەنجامدران.

### *ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە و سوودمەندان لێی:*

ئەم ڕاپۆرتە و ڕاپۆرتەکانی ساڵانەی لەمەو دووای SEMS، چەند ئەرک و کاری لە سەرە و گرنگە بۆ چەند لایەنێک. یەکەم، SEMS ڕێگایەک دەکاتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتە جوراوجۆرەکان بتوانن لە بارودۆخی ئێستای کوردستان تێبگەن و بەدواداچوونەوە بکەن لە سەر ڕێرەوەی لایەنە جوراوجۆرەکانی ئابووری و ڕەوشی هاووڵاتیان. ئەمەش بریتیە لە زانینی ئاستی بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارەیی (MDG)، چونکە SEMS نیشاندەرە سەرەکیەکانی MDG لە خۆ دەگرێتەوە. زانیاری لەسەر ژمارەیەکی بەرفراوان لە نیشاندەران پێویستە بۆ ئەو هەوڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدات بۆ دانای سیاسەتی نوێ یان ڕاست کردنەوەی سیاسەتی ئێستا لە بوارەکانی تایبەت بە ئابووری، و دانانی بەرنامە بۆ دەستنیشانکردنی چەند گروپێکی دانیشتوان یان پێداویستیەکانیان.

دووەم، لایەنی مەبەست لەم ڕاپۆرتە گشت خەلک و گروپێک لە کەسانی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان. زانیاری لە سەر ڕەوشی ئابووری و ئاستی خوشگوزەرانی خەڵک توانای هاووڵاتیان زیاد دەکات بۆ بەشداری کردنیان لە وتووێژی سیاسی کە کاردانەوەی لە سەریانەوە هەیە. هەر سەبارەت بە ئەمە، SEMS کارێکی بەرپرسانەی گرنگ دەکات لە وەڵامدانەوە بۆ پێداویستیەکانی کۆمەڵگا لە لایەن حکومەتەوە.

سێیەم، کاری بڵاوکردنەوەی داتا لەسەر زنجیرەیەکی فراوان لە نیشاندەران ئەم توانایە لەناو دەستەی ئاماری هەرێم و وەزارەتە جوراوجۆرەکانی حکومی دروست دەکات لە بواری کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی داتا بە هۆی دووبارە بوونەوەی ئەم کارە. هەروەها SEMS ڕێکارێک پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی کە بزانین لە چ شوێنێک پێویستە کۆکردنەوەی داتا بە هێزبکرێت.

## ڕێکخستنی ڕاپۆرت:

نیشاندەرەکان بە سەر چەند بەشێک دابەشکراون بەپێی بابەتەکانی لە سەرەوە هاتوون. ئەو دەقەی لەگەڵ نیشاندەرەکان هاتووە وەسفی واتای نیشاندەر و وەرگرتنی نیشاندەر و هەروەها سەرچاوەی داتا دەکات. بۆ زۆربەی داتاکان توانیمانە داتای وولاتانی تری ناوچەکە پێشکەش بکەین بۆ مەبەستی بەراوردکردن. هەڵبژاردنی وولاتان بۆ بەراوردکردن بۆ هەموو نیشاندەرەکان بە یەک شێوە نیە، بەڵکو بەپێی داتای بەردەست بۆ هەر نیشاندەرەک دێنە هەڵبژاردن. بەشێوەیەکی گشتی لەم ڕاپورتەدا سێ گروپ هەن بۆ بەراوردکردن. یەکەم، نیشاندەرانی تەندروستی و پەروەردە  کە لە MICS وەرگیراون، ئێمە دەتوانین هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ چەند وولاتی دراوسێ بەراورد بکەین، کە داتای MICS ڕاستەوخۆ کۆکراوەتەوە بۆ مەبەستی بەراوردکردن. لە بابەتی تر، باشترین بەراوردکردن لەگەڵ تێکڕای نیشاندەرانە لە هەموو وولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ناوچەی باکوری ئەفریقا (MENA)3. سێیەم، بەراورد کردنی زۆربەی نیشاندەرانی MDG لەگەڵ تێکڕای بەهاکان بۆ ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا4. لە کاتێکدا کە وولاتانی مەبەست لە ڕووی بەردەستبوونی داتاوە جیاوازیان هەیە، هەموو بەراوردەکان بۆ ئەوەیە کە بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا دیار بکرێت.

لە کوتاییدا، چەند تێبینیەک هەیە سەبارەت بەو بابەتانەی کە لە بەردەوامی ئەم ڕاپۆرتەدا دێن. لە خشتەکاندا، ئێمە لەو شوێنەی کە (CI) مان لەگەڵ نیشاندەرێک بەکارهێناوە بۆ ئەوەیە گرنگی نیشاندەرەکە پێشان بدەین، و (MDGs) نیشانەی ئەوەیە کە نیشاندەرەکە بەکارهاتووە بۆ دیارکردنی پێشکەوتن بۆ گەیشتن بە MDGs. لەمە زیاتر، پێشکەشکردنی هەر بابەتێک لە ڕێگای خشتەکان و وێنەکان ئەنجام دراوە. خشتەکان کە لە دەستپێکی هەر بەشێک هاتووە، نیشاندەرەکانی هەرێمی کوردستانی پێشان دەدەن و ئەو شوێنەی کە ئەم نیشاندەرانە لێ وەرگیراون بۆ هەریەک لە پارێزگاکان و بۆ هەموو عێراق. وێنەکان لە دوای خشتەکان دێن بۆ پێشکەش کردنی بەراوردی نێودەولەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وولاتانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

3 ناوچەی (MENA) لەلایەن بانکی جیهانیەوە بەم شێوازە ناسراوە : ئەلجێریا ، بەحرێن ، جیبۆتی ، میسر ، ئیران ،عیراق، ئیسرائیل ، ئوردون ، کوەیت ، لبنان ، لیبیا ، مالتا ، مەراکیش ، عومان ، قەتەر ، سعودیە ، سوریا ، تونس ، ئیمارات ، کەرتی ڕۆژئاواو و غەززە ،یەمەن ،

4 ناوچەی رۆژئاوای ئاسیا بریتی یە لەم وڵاتانە: بەحرێن ، عیراق ، ئوردون ، کوەیت ، لبنان ، فەلەستین ، عومان ، قەتەر ، سعودیە ، سوریا ، تورکیا ، ئیماراتی عەرەبی ، یەمەن.

## 2. هەژاری

| | MDG/CI | هەرێم | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی هەژاری | MDG | 3.5 | 5.8 | 3.6 | 2.0 | 18.9 | IHSESa |
| خاوەنداریێتی بەفرگرە (ڕێژەی سەدی) | -- | 98.3 | 97.4 | 98.0 | 98.9 | 92.4 | IHSES |
| خاوەنداریێتی ئۆتۆمۆبێل (ڕێژەی سەدی) | -- | 49.8% | 51.6 | 55.4 | 44.9 | 31.7 | IHSES |
| خاوەنداریێتی یەکەی نیشتەجێ (ڕێژەی سەدی) | -- | 74.1 | 71.0 | 75.4 | 74.2 | 70.9 | IHSES |
| ڕێژەی کارمەندی مەترسی لەسەر لە کۆی کارمەندان | MDG | 22.4 | 25.6 | 18.2 | 22.7 | - | KRLFS |
| کەمی کێش (مامناوەندی و بەرز) | MDG | 6.7 | 5.9 | 9.7 | 4.1 | 8.5 | MICS |
| کەمی کێش (بەرز) | MDG | 3.9 | 3.3 | 6.4 | 1.8 | 3.7 | MICS |
| دواکەوتنی گەشە (مامناوەندی) | - | 15.4 | 19.0 | 17.5 | 10.0 | 22.6 | MICS |
| دواکەوتنی گەشە (بەرز) | - | 6.1 | 7.1 | 7.7 | 3.6 | 9.9 | MICS |

تێبینی: داتاکانی MICS هی *MICS4* ی ساڵی (٢٠١١)یە. داتاکانی KRLFS هی نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢یە کە هەردوکیان لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم کۆکراونەتەوە. لە رووپێوی IHSES 2012 پشتیان پێ بەستراوە لەلایەن لێژنەی تەکنیکی بۆ سیاسەتەکانی کەمکردنەوەی هەژاری لە عیراق (پڕوانە پرێزنتەیشنی "ئەنجامە گشتییەکانی هەژمارکردنی هەژاری لە عیراق" لەلایەن لێژنەی تەکنیکی بۆ سیاسەتەکانی کەمکردنەوەی هەژاری لە عیراقك ٩ی تەمموزی ٢٠١٣).


**نیشاندەرەکانی هەژاری چەند پێوەرێکی دارایی لەخۆدەگرن بۆ هەژاری و نایەکسانی، وەک ڕێژەی دانیشتوان کە بە کەمتر لە 2.5 دۆلار دەژین لە ڕۆژێکدا و ئەوانەی کەمتر لە 1.25 دۆلار دەژین لە ڕۆژێکدا، کە بەپێی دۆلاری**

نێودەوڵەتی پێوانە دەکرێت، یان تێچووی خۆراک و پێداویستیی تری سەرەکی (بڕوانە (پاشکۆی ب) بۆ لیستی تەواوی پێوەرەکانی هەژاری لە سیستمی چاودێری کۆمەڵایەتی-ئابووری). ئەم نیشاندەرانە پشت دەبەستن بە داتای رووپێوی خێزان بۆ دەرهێنانی پێوەری خەرجییەکانی خێزان، کە ئاماژەیە بۆ داهاتی خێزان. دوا رووپێوی لەم جۆرە لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە رووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابووری خێزان لە عێراق 2012 (IHSES). بەپێی ئەنجامەکانی رووپێوی (IHSES)ی 2012 و هەژمارکردنی هەژاری بەپێی تێچووی خۆراک و پێداویستی تری سەرەکی، لیژنەی تەکنیکی بۆ سیاسەتەکانی کەمکردنەوەی هەژاری لە عیراق رایگەیاند کە رێژەی دانیشتوانی ژێر هێڵی هەژاری لە هەرێمی کوردستان 3.5٪ و رێژەی عیراق بەگشتی بەرزترە کە 18.9٪. ئەگەرچی رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان بەگشتی کەمە، بەڵام جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان پارێزگاکان کە لە سلێمانی تەنها 2٪ بەڵام نزیکەی 6٪ لە دهۆك و 6.3٪ لە هەولێر.

هەروەها خشتەکە رێژەکانی خاوەندارێتی چەند کەلوپەلی سەرەکی – بەفرگر و ئۆتۆمۆبێل – هەروەها خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێ نیشاندەدات، کە دیسان لە رووپێوی (IHSES)ی 2012 وەرگیراوە. هەروەك هەژاری و داهات، دەكرێت كەلوپەل وەك پێوەرێك بۆ خۆشگوزەرانی خێزان بەکاربهێنرێت. زۆرینەی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان هەروەها عیراق بەگشتی ئامێری بەفرگریان هەیە، ئەگەرچی بەپێی رێژەکانی هەژاری سەرەوە، رێژەی هەرێمی کوردستان (کە نزیکە لە رێژەی جیهانی) زیاترە لە عیراق بەگشتی (92٪). خاوەندارێتی ئۆتۆمۆبێل جیاوازیەکی گەورە نیشاندەدات: نیوەی خێزانەکانی هەرێمی کوردستان ئۆتۆمۆبێلیان هەیە بەرامبەر بە 32٪ لە عیراق بەگشتی. هەروەها وەکو دیارە، نزیکەی 74٪ی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان و 71٪ لە عیراق خانووی خۆیان هەیە (بەپێچەوانەی بەکرێگرتنی شوێنی تر).

سەبارەت بە چۆنیەتی گۆڕینی خۆشگوزەرانی لەگەڵ کاتدا، رێژەکانی هەژاری لە هەرێمی کوردستان و عیراق بەگشتی باشتربوونیان بەخۆوە بینیوە لەوەتی ساڵی 2007، کاتێك خولی پێشووی رووپێوی (IHSES) ئەنجامدرا. وەك لە شێوەی 2-1 دەرکەوتووە، رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان دابەزیوە لە 4.7٪ بۆ 3.5٪ لە نێوان 2007 و 2012، لە عیراق بەگشتی گۆڕانکاریەکە لە 22.9٪ بۆ 18.9٪. هەروەها وەك دیارە، رێژەکانی هەژاری لە دهۆك و سلێمانی دابەزیوە بەڵام لە هەولێر دانەبەزیوە.

**شێوەی 2-1 : ڕێژەکانی هەژاری 2007-2012 ، هەرێمی کوردستان و عیراق بەگشتی ( ڕێژەی سەدی ژێر هێڵی هەژاری نیشتمانی )**




به هەمان شێوە، خاوەندارێتی سەرمایە باشتربووە. ڕێژەی هەبوونی بەفرگرە لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە لەنێوان 2007 و 2012، لە 90.3٪ بۆ 98.3٪ (هەروەها لە عیراقیش بەرزبۆتەوە لە 88.9٪ بۆ 92.4٪). ڕێژەی هەبوونی ئۆتۆمۆبێل لە 41٪ بۆ نزیکەی 50٪ لە هەرێمی کوردستان و لە 25.3٪ بۆ 31.7٪ لە هەموو عیراق بەرزبۆتەوە. بەپێچەوانەوە، ڕێژەکانی خاوەندارێتی خانوو دابەزیوە لە 78,4٪ بۆ 74٪ لە هەرێمی کوردستان و لە 78,6٪ بۆ 71٪ لە هەموو عیراق. ئەم ئاڕاستە، بە پێچەوانەی کەلوپەلی بەکاربردن وەك ئۆتۆمۆبێل یان بەفرگرە، تێگەیشتنی تا ڕادەیەك ئەستەمە. ڕەنگە ڕێژە بەرزەکانی بەکرێگرتنی یەکەی نیشتەجێ بگەڕێتەوە بۆ گەشەکردنی شارستانی بوون کاتێك ژمارەی خێزانی زیاتر ڕوو لە شارەکان دەکەن و ئەوسا بەکرێگرتن باوتر دەبێت. بەگشتی، ئاڕاستەکان لە ڕێژەکانی هەژاری و خاوەندارێتی سەرمایە ئاماژە بۆ باشتربوونی گوزەران دەکەن لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان و عیراق بەگشتی، ئەمەش پێشکەوتنێکی پەسەندە.

سیستمی چاودێری کۆمەڵایەتی-ئابووری چەند پێوەرێکی نادارایی هەیە بۆ هەژاری. **ڕێژەی کارمەندی مەترسی لەسەر لە کۆی کارمەندان،** برتییە لە ڕێژەی ئەو کارمەندانەی (کار بۆ خۆیان دەکەن) و ئەو کارمەندانەی کار بۆ خێزان دەکەن و پارە وەرناگرن لە کۆی کارمەندان. ڕێژەی زۆری کارمەندی مەترسی لەسەر ئاماژەیە بۆ بەربڵاوی کاری نافەرمی، کە بەگشتی کارمەندان کرێ، بیمەی کۆمەڵایەتی و سوودی وەک بیمەی تەندروستی نزمتریان هەیە. ڕێژەی کارمەندی مەترسی لەسەر لە هەرێمی کوردستان برتییە لە 22.4%. ئەمە هاوشێوەی تێکڕای

وڵاتانی رۆژئاوای ئاسیایە کە 26% و نزمترە لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووی جیهانی کە تێکڕاییەکەیان 58%5. نزمی رێژەی هەرێمی کوردستان و رۆژئاوای ئاسیا بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی بچووکی کاری کشتوکاڵی بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تر؛ زۆربەی کارمەندانی کشتوکاڵی کار بۆ خۆیان دەکەن یان کار بۆ خێزان دەکەن بەبێ پارە کە ئەمانەش دەبنە بەشێک لە کارمەندی مەترسی لەسەر. رێژەی کارمەندی مەترسی لەسەر لە هەولێر نزمترینە، کە حکومەت لەو شارەیە و نزمترین رێژەی کارمەندی کشتوکاڵی هەیە لە سێ پارێزگاکەی هەرێم، وەک لە بەشی کشتوکاڵدا خراوەتەڕوو.

پێوەرێکی تری نادارایی بۆ گوزەران بریتییە لە خۆراکی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ. خراپی خۆراک لە تەمەنی سەرەتای ژیاندا، بەتایبەتی وەک پێوەرێکی دواکەوتنی گەشە یان بەدخۆراکی درێژخایەن، لەوانەیە کاریگەری زۆر نێگەتیڤی هەبێت لەسەر گەشەی درێژخایەنی مێشک و جەستەی منداڵ، هەروەها وەچەخستنەوەی لە داهاتوودا. کەمی کێش، هاوکات ناسراوە بە کەمی کێش بەپێی تەمەن، دانراوە لەسەر بنەمای بەراورد لەنێوان کێشی منداڵ و تێکڕای کێشی منداڵانی هاوتەمەن لە دانیشتوانێکی سەرچاوە (تەندروست)دا. کەمی کێشی مامناوەندی و بەرز بریتییە لە رێژەی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کە کێشیان زیاتر لة دوو ستاندارد  کەمترە لە کێشی تەمەنی تێکڕایی دانیشتوانی سەرچاوە. کەمی کێشی بەرز بریتییە لە رێژەی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کە کێشیان زیاتر لە سێ ستاندارد کەمترە لە کێشی تەمەنی تێکڕایی دانیشتوانی سەرچاوە. لە هەرێمی کوردستان 6,7%ی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کەمی کێشی مامناوەندی یان بەرزیان هەیە. ئەمە بەشێوەیەکی بەرچاو نزمترە لە رێژەی عێراق بەگشتی (8.5%) بەڵام هێشتا بەرزترە لە رێژەکانی ناوچەکە لەساڵی 2011 کە تێکڕای رۆژئاوای ئاسیا 5% بوو.

دواکەوتنی گەشە ئەنجامی بەدخۆراکی درێژخایەنە، هۆکارە سەرەکییەکەی وەرنەگرتنی خۆراکی گونجاوە بۆ ماوەیەکی زۆر یان نەخۆشی دووبارەبووەوە یان درێژخایەن. دواکەوتنی گەشەی مامناوەندی و بەرز بریتییە لە رێژەی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کە باڵایان زیاتر لە دوو ستاندار کورتترە لە باڵای تەمەنی تێکڕایی دانیشتوانی سەرچاوە. دواکەوتنی گەشەی بەرز بریتییە لە رێژەی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کە باڵایان زیاتر لە سێ ستاندار کەمترە لە باڵای تەمەنی تێکڕایی دانیشتوانی سەرچاوە. لە هەرێمی کوردستان 15.4%ی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ دواکەوتنی گەشەی مامناوەند یان بەرزیان هەیە و 6.1% دواکەوتنی گەشەی بەرزیان هەیە (سەرنج بدە کە رێژەی دواکەوتنی گەشە بەرزترە لە رێژەی کەمی کێش). هاوشێوەی کەمی کێش، ئەم رێژانە زۆر کەمترن لە تێکڕای عێراق (22.6% بۆ دواکەوتنی گەشەی مامناوەندی یان بەرز و 9.9% بۆ

---

[5] داتاکان لە راپۆرتی ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارەیی 2012. وەك پێشتر باسکرا ووڵاتانی رۆژئاوای ئاسیا بریتین لە بەحرێن، عیراق، ئەردون، کوێت، لوبنان، فەلەستین، عوممان، قەتەر، عەرەبستانی سعودی، کۆماری عەرەبی سوری، تورکیا، ئیمارات و یەمەن.

دواکەوتنی گەشەی بەرز).

بۆ کەمی کێش و دواکەوتنی گەشە، تێکڕای هەرێمی کوردستان جیاوازی شاراوەی تێدایە لەسەر ئاستی پارێزگاکان، کە لەوانەیە سوودی هەبێت بۆ بەئامانجکردنی پرۆگرامەکانی خۆراک. بەگشتی ئەم نیشاندەرانە بەرزترن لە هەولێر و نزمترن لە سلێمانی. بۆ نموونە، 6,4%ی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کەمی کێشی بەرزیان هەیە و 7.7% دواکەوتنی گەشەی بەرزیان هەیە لە هەولێر بە بەراورد بە کەمتر لە 1.8% و 3.6% لە سلێمانی.

## 3. پەروەردە

| | MDG/CI | هەرێم | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی سەرەتایی | MDG | 95.9% | 94.7% | 94.7% | 98.2% | 90.4% | *MICS* |
| ڕێژەی (کۆی گشتی) تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی | MDG | 104.6% | 91.1% | 110.1% | 109.6% | 83.9% | *MICS* |
| ڕێژەی منداڵان کە قوتابخانەی سەرەتاییان تەواوکردووە | - | 64.9% | 61.9% | 69.7% | 61.8% | 44.4% | *MICS* |
| ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی ناوەندیی | CI | 88.3% | 84.4% | 86.6% | 92.8% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی (کۆی گشتی) تەواوکردنی قوتابخانەی ناوەندیی | CI | 105.8% | 96.6% | 105.2% | 113.2% | - | *KRLFS* |
| خوێندەواری نێر 15-24 ساڵ | MDG | 94.1% | 92.8% | 93.6% | 95.5% | - | *KRLFS* |
| خوێندەواری مێ 15-24 ساڵ | MDG | 84.9% | 81.0% | 81.2% | 91.3% | - | *KRLFS* |

تێبینی: داتای MICS لە ڕووپێوی MICS4 لە ساڵی 2011 . داتای KRLFS لە لە نیوەی دووەمی 2013. هەردوو داتای ڕووپێوی MICS و KRLFS لە لایەن دەستەی ئاماری هەرێم KRSO کۆکراوەتەوە.


هەرێمی کوردستان سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە لە دابینکردنی پەروەردە بۆ هەموو دانیشتوان. **ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی سەرەتایی** بریتییە لە ڕێژەی سەدی منداڵانی تەمەنی قوتابخانەی سەرەتایی (واتا نێوان 6 تا 11 ساڵان) کە لە ئێستادا دەچن بۆ قوتابخانەی سەرەتایی یان تەواویان کردوە و ئێستا لە قوتابخانەی ناوەندین. ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی سەرەتایی لە کوردستان 95.9% بوو، بەڕێژەی 4.5% بەرزتر لە عێراق. هەموو پارێزگاکان، بەتایبەتی سلێمانی، نزیک بوونەتەوە لە بەدیهێنانی تۆمارکردنی هەمەگیر.

**ڕێژەی (کۆی گشتی) تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی** بریتییە لە ژمارەی منداڵانی تەمەنی دوا قۆناغی سەرەتایی، وەک ڕێژەی سەدیی لە کۆی ژمارەی منداڵانی تەمەنی تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی. بەگشتی گرنگە جیاوازی بکرێت لەنێوان تۆمارکردنی سەرەتایی و تەواوکردن، چونکە لەوانەیە زۆر منداڵ لە قوتابخانەی سەرەتایی تۆماربکرێن و نەتوانن تەواوی بکەن. بەڵام لە کوردستان، ڕێژەی تەواوکردن زۆر بەرزە، لە ڕاستیدا ڕێژەی بەرزبوونەوەی تەواوکردن بەرزترە لە 100%، چونکە ژمارەیەکی زیاتر منداڵ لە دوا قۆناغی قوتابخانەی سەرەتایی تۆمار دەکرێن لە کۆی منداڵانی تەمەن 11 ساڵان (لەوانەیە بەهۆی دووبارەکردنەوەی دوا قۆناغ لەلایەن هەندێک قوتابییەوە).

**ڕێژەی منداڵآن کە قوتابخانەی سەرەتاییان تەواوکردووە** یەکسانە بە ژمارەی منداڵانی تەمەنی فەرمی تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی (نەوەك هەر تەمەنێك) کە لە دوا قۆناغی قۆتابخانەی سەرەتایدان وەک ڕێژەی سەدیی کۆی منداڵانی ئەو تەمەنە. لة بنچينەدا پێویستە هەموو ئةو منداڵآنە قوتابخانەی سەرەتایی تەواوبکەن. ئەمە بەشێوەیەکی بەرچاو نزمترە لة کۆی گشتی تةواوکردنی قوتابخانەی سةرةتایی کة تەنها 64.9%، چونکە زۆرێك لە منداڵان قۆناغی سەرەتایی لە تەمەنی 11 ساڵیدا تەواوناکەن. بەڵام ئەمە و ڕێژەی گشتی تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی بەشێوەیەکی بەرچاو لە کوردستان بەرزترن لە ڕێژەکانی عێراق: ڕێژەی گشتی تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی لە هەرێمی کوردستان 20.7% بەرزترە و ڕێژەی تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی 20.5% بەرزترە.

شێوەی 1.3 بەراوردی هەرێمی کوردستان دەکات لەگەڵ چەند وڵاتێکی ناوچەکە بۆ ڕێژەی تۆمارکردن و ڕێژەی گشتی تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی. ڕێژەی تۆمارکردن لە هەرێمی کوردستان بەرزترە لە عێراق، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، هەروەها بەگشتی بەرزترە لە میسر و تورکیا. ڕێژەی گشتی تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی لە هەرێمی کوردستان نزیکە لە ڕێژەکانی وڵاتانی تر.

## شێوەی 3-1: ڕێژەکانی تۆمارکردن و تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی




**تێبینی: سەرچاوەی هەموو وولاتەکان لە تازەترین رووپێوی MICS وەرگیراوە**

ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی ناوەندی بریتییە لە ڕێژەی منداڵانی تەمەنی قوتابخانەی ناوەندی (12-17) ساڵان کە تۆمارکراون لە قوتابخانەی ناوەندی یان بەرزتر. تۆمارکردن لە قوتابخانەی ناوەندی زۆر بەرزە لە هەرێمی کوردستان: نزیکەی 90%ی کەسانی تەمەن 12-17 ساڵان دەچن بۆ قوتابخانە6. ئەم نیشاندەرە جیاوازی تێدایە: لە دهۆک 87% و سلێمانی 93%. ڕێژەی تۆمارکردن جێگیر مایەوە لە نێوان 2012 و 2013 (بڕوانە خشتەی خوارەوە). دابەزینی کەمی بەخۆوەبینی لە دهۆك و هەولێر، و بەرزبوونەوەیەکی کەم لە سلێمانی، ئەگەرچی گۆڕانکاریەکان لە ناو پەراوێزی هەڵەی ئامارییدایە.

ڕێژەی گشتی تۆمارکردن لە قوتابخانەی ناوەندی بریتییە لە ژمارەی قوتابیانی ناوەندی لەهەر تەمەنێکدا بن دابەش کۆی ژمارەی ئەو کەسانەی لە تەمەنی فەرمی قوتابخانەی ناوەندیدان. ئەمە زیاترە لە 100% (105.8%) لە هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەوەی کە هەندێک قوتابی تەمەن گەورەتر هێشتا لە ناوەندیی دەخوێنن، ئەمەش جیاوازی هەیە: لە دهۆک 96.6% و لە هەولێر 105.2% و لە سلێمانی 113.2%. ڕێژەی تۆمارکردن و ڕێژەی گشتی تۆمارکردن لە قۆناغی ناوەندی نیشان دەدەن کە دهۆك دوای دوو پارێزگاکەی تر دێت سەبارەت بە

[6] نیشاندەرەکانی پەروەردە دەکرێت لە سەرچاوەی تریش بەدەستبێت، بەڵام ئێمە پشت بە داتاکانی KRLFS دەبەستیین چونکە زانیاری تازەکراوە دەربارەی ئەم نیشاندەرانە بەشێوەیەکی بەردەوام دەستدەکەوێت.

تۆمارکردن لەو قۆناغەی خوێندندا. ئەم نیشاندەرە لە هەرێمی کوردستان کەمێك بەرزبۆوە لەوەتی دوایین راپۆرتی چاودێریکردنی باری کۆمەڵایەتی-ئابوری (لە 103.7٪ بەرزبۆوە بۆ 105.8٪).

خوێندەواری لاوان پێوەرێکی بنەڕەتییە بۆ پێوانەکردنی ئاستی ئامادەباشی لاوان بۆ ژیانێکی سەرکەوتوو. ئەم نیشاندەرانە خوێندەواری: نێر 15-24 و خوێندەواری: مێ 15-24 ڕێژەی سەدیی ئافرەت و پیاوی تەمەن 15-24 ساڵ دەپێوێت کە دەتوانن بخوێنن و بنووسن. 94.1%ی پیاوی لاوی کوردستان خوێندەوارن بەڵام 84.9%ی ئافرەتی لاو دەتوانن بخوێنن و بنووسن[7]. جیاوازی نێوان پارێزگاکان سەبارەت بە خوێندەواری بۆ مێینە زیاتر بەرچاوە، لە دهۆک 81% و لە سلێمانی 91,3% - ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ ڕێچکەی گشتی ئەنجامی باشی پەروەردەیی لە سلێمانی.

بە لەبەرچاوگرتنی تۆمارکردنی نزیک لە هەمەگیری ئێستا لە قوتابخانەی سەرەتایی، **بەرزبوونەوەی ڕێژەکانی خوێندەواری شتێکی چاوەڕوانکراوە، تەنانەت لە یەك ساڵیشدا. ڕێژەکانی خوێندەواری لە نێوان پیاوی لاو بەرزبۆتەوە لە** 92.3٪ **لە** 2012 **بۆ** 94.1٪ **لە** 2013**، لە هەمان کاتدا ڕێژەی خوێندەواری لە نێوان ئافرەتانی لاو بەرزبۆتەوە لە** 81.6٪ **بۆ** 84.9٪. **بە** لەبەرچاوگرتنی **ڕێژە بەرزەکانی** تۆمارکردن لە قوتابخانەی سەرەتایی، **چاوەڕوان دەکرێت ڕێژەکانی خوێندەواری لە نێوان پیاو و ئافرەتی لاودا بگاتە نزیکەی لە سەدا سەد.**

**خشتەی 3-1 : ڕێژەکانی خوێندەواری و تۆمارکردن لە قۆناغی ناوەندی لە 2012 و 2013**

| | | 2012 | 2013 |
|---|---|---|---|
| **ڕێژەکانی تۆمارکردن لە قۆناغی ناوەندی**<br>**سەرچاوە:** KRLFS | **هەرێمی کوردستان** | 88.9% | 88.3% |
| | **دهۆك** | 86.2% | 84.4% |
| | **هەولێر** | 88.2% | 86.6% |
| | **سلێمانی** | 91.2% | 92.8% |

[7] پێویستە ئاماژە بدەین بەوەی کە ئەم نیشاندەرە لەسەر بنەمای باسکردنی تاکەکەسی ئافرەت و پیاوی لاو دروستکراوە لە (KRLFS)، نەک تاقیکردنەوەی توانای خوێندن و نووسین.

| | | 2012 | 2013 |
|---|---|---|---|
| ڕێژەکانی گشتی تۆمارکردن لە قۆناغی ناوەندی<br>سەرچاوە: KRLFS | هەرێمی کوردستان | 103.7% | 105.8% |
| | دهۆک | 91.6% | 96.6% |
| | هەولێر | 101.3% | 105.2% |
| | سلێمانی | 114.6% | 113.2% |
| خوێندەواری: نێر تەمەن 15-24<br>سەرچاوە: KRLFS | هەرێمی کوردستان | 92.3% | 94.1% |
| | دهۆک | 91.0% | 92.8% |
| | هەولێر | 89.2% | 93.6% |
| | سلێمانی | 95.9% | 95.5% |
| خوێندەواری: مێ تەمەن 15-24<br>سەرچاوە: KRLFS | هەرێمی کوردستان | 81.6% | 84.9% |
| | دهۆک | 77.3% | 81.0% |
| | هەولێر | 77.8% | 81.2% |
| | سلێمانی | 88.1% | 91.3% |

## 4. جۆری کۆمەڵایەتی

| | MDG/CI | هەرێم | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نیشاندەری یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ قوتابخانەی سەرەتایی | MDG | 0.99 | 0.98 | 0.98 | 0.99 | 0.94 | *MICS* |
| نیشاندەری یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ قوتابخانەی ناوەندی | MDG | 0.98 | 0.90 | 0.96 | 1.04 | 0.85 | *MICS* |
| نیشاندەری یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ دوای قۆناغی دواناوەندی | MDG | 0.93 | 0.90 | 0.80 | 1.11 | | *KRLFS* |
| ئافرەتی لاوی تەمەن 15-19 کە لەئێستادا هاوسەرگیری کردوە | - | 9.9% | 9.1% | 11.7% | 8.8% | 20.7% | *MICS* |
| کۆی ڕێژەی پیتاندن | - | 3.1 | 3.9 | 3.5 | 2.3 | 4.5 | *MICS* |
| ئیتاندن بەپێی IHSES (لەدایکبوون لە هەر 1000 ئافرەتی تەمەن 12-49 ساڵ) | | 183.7 | 254.5 | 161.1 | 165.7 | 202.1 | *IHSES 2012* |
| ڕێژەی ئافرەتی ئەندام پەرلەمان | MDG | 32.4% | - | - | - | - | *KRG website* |
| ڕێژەی ئافرەتی بێوەژن | - | 7.2% | 7.1% | 6.5% | 8.0% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی خێزان کە ئافرەت بەڕێوەی دەبات | - | 10.7% | 9.4% | 9.6% | 12.2% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی ئافرەتی کارمەندی موچەخۆر لە کەرتەکانی تر جگە لە کشتوکاڵ | MDG | 17.2% | 12.1% | 16.6% | 20.9% | - | *KRLFS* |

تێبینی: داتای *MICS* لە ڕووپێوی *MICS4* لە ساڵی 2011 . داتای *KRLFS* لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2013 هەردوو داتای ڕووپێوی *MICS* و *KRLFS* لە لایەن دەستەی ئاماری هەرێم *KRSO* کۆکراوەتەوە . وێب سایتی *KRG* بۆ بەشداری ئافرەتان لە پەرلەمان:
*http://www.krg.org/a/d.aspx?r=160&l=12&s=04070000&a=15057&s=010000*


نیشاندەرەکانی جۆری کۆمەڵایەتی کە لێرەدا پێشکەش کراون ڕێخۆش دەکەن بۆ ئاشنابوون بە ئاستی پێشکەوتن لە بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی پەرەپێدانی هەزارە (MDGs) کە پەیوەستن بە برەودان بە یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی و تواناداركردنی ئافرەتان. بەدیهێنانی یەکسانی لە پەروەردەدا وەک هەنگاوێکی سەرەکیی سەیردەکرێت بۆ بەدیهێنانی دەرفەتی یەکسان بۆ پیاوان و ئافرەتان. هەروەها بەرزکردنەوەی پەروەردەی ئافرەتان هەنگاوێکی سەرەکییە بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی-ئابووری. نیشاندەری یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ قوتابخانەی سەرەتایی بریتییە لە ڕێژەی تۆمارکردنی کچان بەرامبەر کوڕان لە قوتابخانەی سەرەتایی. ئەمە هەژمار دەکرێت لەڕێگای دابەشکردنی ڕێژەی تۆمارکردنی کچان بەسەر ڕێژەی تۆمارکردنی کوڕاندا. ئەم نیشاندەرە بۆ هەرێمی کوردستان 0.99، واتا ڕێژەی سەدیی ئەو کچانەی دەچنە قوتابخانە 99% ی ڕێژەی ئەو کوڕانەی دەچنە قوتابخانە. ئەم تێکڕایە دادەبەزێت لە چوارچێوەی پەراوێزی 3-خاڵ کەمتر یان زیاتری لە 100%، کە ئەمەش مەودای قبوڵکراوی جیاوازییە. ئەم ڕێژەیە واتە کەمتر لە 0.98 لە هیچ پارێزگایەک بەدی ناکرێ. نیشاندەری یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ قوتابخانەی سەرەتایی لە کوردستان بەرێژەی 0.05 بەرزترە لە عێراق بەگشتی.

**نیشاندەری یەکسانی جوری کۆمەڵایەتی بۆ قۆناغی دواناوەندی،** کە ڕێژەی بەشداربوانی ئافرەت بە پیاو لە قۆناغی دواناوەنی پێشان دەدات، کە تەنیا کەمێک نزمترە لە قۆناغی سەرەتایی (0.98 بە بەراورد لە گەڵ 0.99)، هەرچەند کە جیاوازی زیاتر لە نێوان پارێزگاکان بەدی دەکرێ. نیشاندەری یەکسانی جوری کۆمەڵایەتی بۆ دوای قۆناغی دواناوةندی، کە بۆ KRLFS ساڵی 2013 هەژمار کراوە، بەشێوەیەکی بەرچاو نزمترە، بە ڕێژەی 0.93. شایانی باسە کە لە سلێمانی،نیشاندەری یەکسانی جوری کۆمەڵایەتی بۆ هەردوو قۆناغی ناوەندی و دوای دواناوةندی لە سەرووی 1.0، ئەوەش نیشانەی کە ئافرەت زیاتر لە پیاو بەشداری لە قۆناغەکانی خوێندن دەکات لەم پارێزگایە. لە بەرامبەردا، بۆ پارێزگار دهوک، نیشاندەری یەکسانی جوری کۆمەڵایەتی 0.90 یان کەمترە بۆ هەردوو ئەم قۆناغانە. شایانی باسە کە ئەم نیشاندەرە بەردەوام لە بەرزبوونەوە دایە، و بەگشتی لە 0.91 بۆ 0.93 بەرزبۆتەوە لە نێوان 2012 و 2013.

شێوەی 4-1 هەندێک بەراوردکاری نیشان دةدات بۆ نیشاندەرەکانی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی لەگەڵ چەند وڵاتێکی ناوچەکە. وەک لەسەروە ئاماژەی پێدرا، هەرێمی کوردستان یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی بەرزتری هەیە لە بواری پەروەردە بە بەراورد بە عێراق. بێگومان هەرێمی کوردستان نزیکە لە وڵاتانی تری ناوچەکە جگە لە یەمەن، کە یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی لە پەروەردە زۆر نزمە. بەڵام هێشتا تێکڕای

یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ تۆمارکردن لە قوتابخانەی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان نزمترە لەو وڵاتانەی نیشاندراون، کە زۆربەی کات لە سەرووی 1.0 ە.

### شێوەی 4-1 : نیشاندەرەکانی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی





**تێبینی: سەرچاوەی هەموو وولاتەکان لە تازەترین رووپێوی MICS وەرگیراوە**

سەبارەت بە بەشداری ئافرەت لە کاروباری گشتیدا، یەکێک لە پێوەرە سەرەکییەکانی (MDG) بریتییە لە رێژەی **ئافرەتی ئەندام پەرلەمان.** لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، 32.4%ی ئەندامانی پەرلەمان ئافرەتن، واتا 36 لە کۆی 111 ئەندام، دوو ئەندام زیاتر لە رێژەی دیاریکراو بە کۆتا (30%، واتا کەمترین ئاست دەبێت 34 ئەندامی ئافرەت بێت). ئەم رێژەیە بەگشتی باشترە بە بەراورد بە رێژەکانی ناوچەکە. لە ساڵی 2011، تێکڕای رۆژئاوای ئاسیا تەنها 11% بوو.

نەریتی زوو هاوسەرگیری کردن و منداڵبوون بۆ ئافرەتان یەکێکە لە بەربەستە سەرەکییەکانی خوێندنی پاش قۆناغی سەرەتایی، لە ئەنجامی ئەمەش بەشداریکردنی چالاک لە هێزی کار. دیاردەی زوو هاوسەرگیری کردن لەڕێگای رێژەی ئافرەتانی 15-19 ساڵ کە لە ئێستادا هاوسەرگیریان کردووە، پێوانە دەکرێت. لە 2011 لە هەرێمی کوردستان، 9.9%ی ئافرەتانی تەمەن 15-19 ساڵ هاوسەرگیرییان کردبوو. ئەمە لە نیوەی رێژەی

عێراق بەگشتی کەمترە و کەمترە لە ڕێژەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا کە نزیکەی 14% دەبێت بەپێی داتای 2009 (OECD 2009). **کۆی ڕێژەی پیتاندن**، کە بریتییە لە تێکڕای ژمارەی منداڵان کە پێشبینی دەکرێت ئافرەتێک بەدرێژایی تەمەنی ببیێت، کە لە هەرێمی کوردستان 3.1 دەبێت[8]. لەکاتێکدا ئەمە 1.4 کەمترە لە عێراق بەگشتی، هێشتا بەرزترە لە تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی 2010 کە بریتییە لە 2.9 منداڵ (بۆ وڵاتە داهات نزم و مامناوەندییەکان، 2.7 دەبێت لەگەڵ وڵاتانی داهات بەرز)[9].

**شێوەی 4-2 : ڕێژەی پیتاندن**




تێبینی : سەرچاوەی هەموو وولاتەکان لە تازەترین رووپێوی MICS وەرگیراوە

پێوەرێکی تر لەلایەن IHSES ەوە خراوەتە روو، کە ژمارەی لە دایکبوون هەژماردەکات بە دابەشکردنی لەسەر ژمارەی ئافرەتانی

---

[8] کۆی ڕێژەی پیتاندن بریتیە لە ژمارەی ئەو منداڵانەی ئافرەتێك دەبیێت ئەگەر لە ژیان بێت تا کۆتایی تەمەنی منداڵبوون و منداڵی ببێت بە پێی ڕێژەکانی ئێستای پیتاندن بە پێی تەمەن.

[9] ئامارەکانی بانکی نێودەوڵەتی ئۆنلاین: http://data.worldbank.org/data-catalog/world-development-indicators

تەمەن نێوان 12 و 49 ساڵدا. لە 2012، ئەم نیشاندەرە یەکسان بوو بە 183.7 لە هەرێمی کوردستان، بە بەراورد بە 202.1 لە عیراق بەگشتی. هەروەها بەپێی ڕێژەی پیتاندنی MICS ، پیتاندن لە دهۆك بەرزترینە.

لەو کۆمەڵگایانەی دەرفەتی کارکردن بۆ ئافرەتان سنووردارە، ڕەنگە بێوەژنی ببێتە هۆی هەژاری سەخت و لە ئاکامدا ئافرەتانی بێوەژن پێویستیان بە هاوکاری تایبەتە. **ڕێژەی ئافرەتانی بێوەژن** لە هەرێمی کوردستان لە 2013 گەیشتە 7.2٪ بەرامبەر بە 7.6٪ لە 2012. بە هەمان شێوە، ئەو خێزانانەی ئافرەتان بەڕێوەی دەبەن ڕەنگە دووچاری دۆخی ئابوری سەخت ببنەوە. **ڕێژەی ئەو خێزانانەی ئافرەتان بەڕێوەی دەبەن** دابەزیوە لە 11.6٪ لە 2012 بۆ 10.7٪ لە 2013.

**خشتەی 4-1 : نیشاندەرەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لە KRLFS لە 2012 و 2013**

| نیشاندەر | شار | 2012 | 2013 |
|---|---|---|---|
| **نیشاندەری یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ دوای قۆناغی دواناوەندی**<br>**سەرچاوە: ماڵپەڕی** KRG | **هەرێمی کوردستان** | 0.91 | 0.93 |
| | **دهۆك** | 0.86 | 0.90 |
| | **هەولێر** | 0.8 | 0.80 |
| | **سلێمانی** | 1.05 | 1.11 |
| **ڕێژەی ئافرەتانی بێوەژن**<br>**سەرچاوە:** KRLFS | **هەرێمی کوردستان** | 7.6% | 7.2% |
| | **دهۆك** | 6.2% | 7.1% |
| | **هەولێر** | 7.5% | 6.5% |
| | **سلێمانی** | 8.6% | 8.0% |
| **ڕێژەی ئەو خێزانانەی ئافرەت بەڕێوەی دەبات**<br>**سەرچاوە:** KRLFS | **هەرێمی کوردستان** | 11.6% | 10.7% |
| | **دهۆك** | 10.0% | 9.4% |
| | **هەولێر** | 11.2% | 9.6% |
| | **سلێمانی** | 12.8% | 12.2% |
| ڕێژەی ئافرەتی کارمەندی موچەخۆر لە کەرتەکانی تر جگە لە کشتوکاڵ<br>**سەرچاوە:** KRLFS | **هەرێمی کوردستان** | 16.7% | 17.2% |
| | **دهۆك** | 12.7% | 12.1% |
| | **هەولێر** | 15.8% | 16.6% |
| | **سلێمانی** | 19.7% | 20.9% |

## 5. تەندروستی

| | MDG/CI | هەرێم | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا | MDG, CI | 28 | 33 | 27 | 24 | 32 | *MICS* |
| ڕێژەی مردنی منداڵی خوار پێنج ساڵ | MDG | 32 | 37 | 34 | 25 | 37 | *MICS* |
| کوتان دژی سورێژە تا تەمەنی 12 مانگ | MDG | 75.2% | - | - | - | 65.8% | *MICS* |
| کوتان دژی سیل تا تەمەنی 12 مانگ | - | 97.1% | - | - | - | 89.7% | *MICS* |
| کوتانی (دی تی پی) تا تەمەنی 12 مانگ | CI | 75.2% | - | - | - | 64.8% | *MICS* |
| کوتان دژی ئیفلیجی منداڵان تا تەمەنی 12 مانگ | - | 78.7% | - | - | - | 70.6 % | *MICS* |
| هەموو کوتانەکان تا تەمەنی 12 مانگ | - | 60.7% | - | - | - | 45.4% | *MICS* |
| منداڵبوون لەسەر دەستی کارمەندی کارامە | MDG | 92.4% | - | - | - | 90.9% | *MICS* |
| ڕێژەی بەکارهێنانی مەنع | MDG | 64.5 64.5% | 52.4% | 62.3% | 66.6% | 52.5% | *MICS* |
| زانیاری ورد لەسەر(ئێچ ئای ڤی) تەمەنی 15-24 ساڵ | MDG | 3.7% | 1.7% | 3.5% | 5.2% | 3.1% | *MICS* |


تێبینی : داتای MICS لە ڕووپێوی MICS4 لە ساڵی 2011 . داتای MICS لە لایەن دەستەی ئاماری هەرێم KRSO کۆکراوەتەوە.

کۆمەڵێک نیشاندەری تەندروستی بەردەستن لە هەرێمی کوردستان، زۆربەیان لەڕێگای روپێوەی (MICS4)ی 2011ەوە. رێژەی مردنی منداڵی ساوا پێوانەی ئەگەری مردن دەکات لە پێش تێپەڕبوونی ساڵێک و بەشێوەی ژمارەی مردن لەهەر 1000 لەدایکبوونێک بە زیندوویی. رێژەی مردنی منداڵی ساوا لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 28 لەهەر 1000 لەدایکبوونێک بەزیندوویی. ئەمە چوار خاڵی سەدیی کەمترە لە رێژەی مردنی منداڵی ساوا لە عێراق بەگشتی. بەڵام هەرێمی کوردستان باش نییە کاتێک بەراوردی دەکەین لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە؛ لە کۆی حەوت وڵاتی بەراوردکاری، وەک نیشاندراوە لە شێوەی 5-1، رێژەی مردنی منداڵی ساوا تەنها لە یەمەن بەرزترە. رێژەکانی مردنی منداڵی ساوا لە لوبنان، تونس، میسر و تورکیا زۆر کەمترن لە نیوەی رێژەی هەرێمی کوردستان.

کوتان لەدژی نەخۆشییەکانی منداڵان پێوانە دەکرێت بەپێی رێژەی منداڵانی تەمەن 12 تا 24 مانگ (لەکاتی رووپێوەکەدا) کە کوتراون لە دژی نەخۆشی پێش گەیشتن بە تەمەنی یەک ساڵ. جەخت خستنە سەر منداڵی خوار دوو ساڵ رێگەدەدات پێوانە کردنەکە ئاشنابێت بە رێچکەکانی ئێستای کوتان، چونکە ئەم منداڵانە لە تەمەنی گونجاودان بۆ کوتان (کەمتر لە 12 مانگ) و زیاتر نەبن لە یەک ساڵ. لە ساڵی 2011 **کوتان لەدژی سورێژە** تا 12 مانگی لە هەرێمی کوردستان بریتیی بوو لە 75.2%، واتا سێ چارەکی منداڵانی تەمەن 12-23 مانگ پێش تەواوکردنی یەک ساڵ کوتراون. ئەمە بەڕێژەیەکی گەورەی سەدیی 9.4% بەرزترە لە عێراق. **کوتان لە دژی سیل** تا تەمەنی 12 مانگ تاڕادەیەکی هەمەگیر بووە، 97.1%، ئەم ڕێژەیە زیاترە لە عێراق کە ڕێژەکەی 89.7 %.

لەلایەکی ترەوە، **کوتانی (DPT) تا تەمەنی ١٢ مانگ و کوتان دژی ئیفلیجی منداڵان** تا تەمەنی ١٢ مانگ رێژەکانیان تەنها 75.2% و 78.7%. بەهۆی رێژەی نزمی ئەم دوو جۆرە کوتانە، نزیکەی 4 لە 10 منداڵ ناتوانن هەموو کوتانەکان وەربگرن پێش ئەوەی یەک ساڵ تەواو بکەن (واتا وەرگرتنی هەر چوار کوتانەکە). هاوشێوەی رێچکەی مردنی منداڵی ساوا، کۆتان لە هەرێمی کوردستان باشترە لە عێراق بەڵام کەمترە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، وەک شێوەی 5-1 نیشانی دەدات بۆ سورێژە و (DPT). بۆ (DPT) هەرێمی کوردستان هاوتایە لەگەڵ لوبنان بەڵام نزمترە لە وڵاتانی تری ناوچەکە تەنانەت یەمەنیش.

## شێوەی 5-1: نیشاندەرەکانی مردن و کوتانی منداڵان





تێبینی: سەرچاوەی هەموو وولاتەکان لە تازەترین رووپێوی MICSوەرگیراوە

لەناو نیشاندەرەکانی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا، ڕێژەی سەدی منداڵبوون لەسەر دەستی کارمەندی کارامە بریتییە لە ڕێژەی منداڵبوونی دوو ساڵی رابوردوو لەسەر دەستی کارمەندی راهێنراو. وەک لە خشتەکەدا بینیمان، زۆربەی منداڵبوونەکان (92.4%) لە هەرێمی کوردستان لەسەر دەستی کارمەندکانن (80% لەمانە لە بنکە تەندروستییە فەرمییەکان). وەک شێوەی 5.2 نیشانی دەدات، ئەم ڕێژە زۆر بەرزترە لە میسر (79%) بەڵام نزمترە لە تورکیا (95%).

**بەکارهێنانی مەنع** بریتییە لە ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵ کە لەئێستادا هاوسەرگیرییان کردوە و دەڵێن کە شێوازە مۆدێرنەکانی مەنع بەکاردەهێنن. ڕێژەی ئەم نیشاندەرە لە ساڵی 2011 بریتی بوو لە 64.5%. وەک شێوەی 5.2 نیشانی دەدات. ئەمە یەکسان بوو لەگەڵ ڕێژەی میسر و نزمتر بوو لە تورکیا، هاوکات کەمێک بەرزتر بوو لە تێکڕای گشتی رۆژئاوای ئاسیا 56% لە 2010 (MDG Report 2012).

## **شێوەی** 5-2: نیشاندەرە تەندروستییەکان – تەندروستی دایکایەتی




**تێبینی: سەرچاوەی هەموو وولاتەکان لە تازەترین رووپێوی MICS وەرگیراوە**

لەکۆتاییدا زانیاری لەسەر (HIV/AIDS) زۆر نزمە لە هەرێمی کوردستان. ئەمەش دەپێورێت لەڕێگای نیشاندەری زانیاری ورد لەسەر (HIV) تەمەنی 15-24 ساڵ، کە بریتییە لە ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-24 ساڵ کە (1) دەتوانن بەلای کەمەوە دەستنیشانی دوو لە شێوازەکانی خۆپاراستن لە (HIV) بکەن، (2) و دوو هەڵەتێگەیشتنی باو رەتبکەنەوە ((HIV) ناگوێزرێتەوە لەڕێگای خواردنی هاوبەش یان پێوەدانی مێشولەوە)، (3) دەزانن کە کەسێکی بەشێوە تەندروست لەوانەیە (HIV)ی هەبێت. ڕێژەی ئافرەتی لاو کە ئەم ئاستە لە

زانیارییان هەبێت بریتییە لە تەنها 3.7% لە هەرێمی کوردستان و 3.1% لە عێراق بەگشتی.

## 6. دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان

| | MDG/CI | هەرێم | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی دانیشتوان کە سووتەمەنی رەق بەکاردەهێنن[1] | MDG | 0.0% | 0.0% | 0.1% | 0.0% | 0.4% | *IHSES* |
| ڕێژەی دانیشتوان کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی چارەسەرکراو بەکاردەهێنن | MDG, CI | 97.7% | 97.2% | 98.2% | 97.7% | 92.7% | *IHSES* |
| ڕێژەی دانیشتوان کە خزمەتگوزاری چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ بەکاردەهێنن | MDG | 97.3% | 99.0% | 96.3% | 97.3% | 91.7% | *IHSES* |
| تێبینیەکان : داتای *IHSES* لە ڕووپێوی *IHSES* لە ساڵی 2012. داتای *IHSES* لە لایەن دەستەی ئاماری هەرێم *KRSO* کۆکراوەتەوە. 1. **سەرچاوەی سووتەمەنی "هی تر" لە رووپێوی** *IHSES* – **سووتەمەنی جگە لە کارەبا، غاز، و نەوت.** | | | | | | | |

نیشاندەرەکانی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان زانیاری دەدەن لەسەر ئاستی بەکارهێنانی خزمەتگوزاری و سەرچاوە گرنگەکان لەلایەن خێزانەکانی هەرێمی کوردستانەوە و کاریگەرییان لەسەر تەندروستی و گوزەران. ئەمانە بریتین لە دەستگەیشتن بە ئاو و ئاوەڕۆی چارەسەرکراو، ئایا خێزانەکان سووتەمەنی رەق بەکاردەهێنن کە کاریگەری پێچەوانەی دەبێت لەسەر تەندروستی.

طشت نیشاندەرەکانی ئەم بەشە ئامانجی پەرەپێدانی هەزارەن (MDGs). یةكةم دوو نیشاندةر تايبةتن بة بارودۆخی ذینطقیی بۆ خێزانەکان: بەکارهێنانی ئاوی چارەسەرکراو، واتا خێزان ئاوی خواردنەوە لە سەرچاوەی بۆری، گواستنەوە یان خاڵی وەرگرتنی گشتی یان بیر وەردەگرێت. بەکارهێنانی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو، واتا خێزان ئاودەست یان تەنکییان هەبێت. لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی دانیشتوان کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی چارەسەرکراو بەکاردەهێنن نزیکە لە هەمەگیر (97.7%)، پێنج خاڵی سەدیی زیاتر لە عێراق بەگشتی. دهۆك نزمترین ڕێژەی بەکارهێنانی ئاوی خواردنەوەی چارەسەرکراوی هەیە (97.2%)، بەڵام هەولێر

**بەرزترینە (98.2٪). ڕێژەکانی بەکارهێنانی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو هاوشێوەی یەك بەرزن. ڕێژەی دانیشتوان کە سەرچاوەی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو بەکاردەهێنن جیاوازی هەیە: لە هەولێر 96.3٪ و لە دهۆك 99٪، و بە تێکڕای ڕێژەی 97.3٪ لە هەرێمی کوردستان. ڕێژەی نیشتمانی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو لە عیراق 91.7٪. ڕێژەکانی دەستگەیشتن بە ئاو و ئاوەڕۆی چارەسەرکراو لە هەرێمی کوردستان بەراورد دەکردیت لەگەڵ چەند وولاتێك لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، وەك لە شێوەی 1-6 دیارە[10]. ڕێژەکانی بەکارهێنانی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو لە هەرێمی کوردستان بەرزترە لەو وولاتانەی بەراوردکراون، بەلام ڕێژەکانی بەکارهێنانی ئاوی چارەسەرکراو لە هەرێمی کوردستان کەمترە لە میسر و ئەردون و تورکیا.**


نیشاندەری سێیەمی ئەم بەشە کە ئێستا بەردەستە لە هەرێمی کورردستان بریتییە لە **ڕێژەی دانیشتوان کە سووتەمەنی ڕەق بەکاردەهێنن** وەک سەرچاوەی وزە بۆ چێشتلێنان. سووتەمەنی ڕەق بریتییە لە دار، خەڵوز، گژوگیا و سووتەمەنی پەستێوراوی تر کە دەکرێت پیسبوونی هەوای ماڵ دروست بکات و زیانی تەندروستی هەیە بۆ مرۆڤ. **ڕێژەی دانیشتوان کە سووتەمەنی ڕەق بەکاردەهێنن** لە هەرێمی کوردستان سفرة (بة 0.0% هةذماركراوة)، وەك شێوەی 6.1 دەریدەخات. هاوکات لە عێراقیش زۆر نزمە (0.4%). هەرێمی کوردستان و عێراق بەکارهێنانی سووتەمەنی ڕەقی نزمییان هەیە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی بەراوردکاری ناو هێڵکاری شێوەی 7.1، کە هەموویان ڕێژەی نزیک لە 5%یان هەبووە لە ساڵی 2010[11].

---

[10] داتاکانی شێوەی 6-1 لە رووپێوی MICS 2011 وەرگیراون (بڕوانە خشتەی 6-3) بۆ بەراوردکردنی ووردتر.

[11] داتاکانی شێوەی 6-1 لە رووپێوی MICS 2011 وەرگیراون (بڕوانە خشتەی 6-3) بۆ بەراوردکردنی ووردتر.

## شێوەی 6-1: دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان




تێبینی: داتاکانی هەرێمی کوردستان/عێراق لە (MICS)ی 2011 وەرگیراوە. داتاکان بۆ وڵاتانی بەراوردکاری سەبارەت بە دەستگەیشتن بە ئاو و ئاوەڕۆ لە نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی جیهان (2012 World Development Indicators)ی 2012 وەرگیراون؛ داتای بەکارهێنانی سووتەمەنی ڕەق لە (UNData)ی ساڵی 2010 وەرگیراون.

**داتاکانی رووپێوی IHSES بواری بەراوردکردن دەرەخسێنن لە نێوان ڕێژەکانی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری لە 2007 و 2012 لە هەرێمی کوردستان، وەك لە خشتەی 6.2 نیشاندراوە. بەپێی نیشاندەرەکانی گەیشتن بە سەرجەم خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی لە نیشاندەرەکانی MDG بەدی کردووە.**

| | | 2012 | 2007 |
|---|---|---|---|
| ڕێژەی دانیشتوان کە سووتەمەنی ڕەق بەکاردەهێنن | **هەرێمی کوردستان** | 0.0% | 5.8% |
| | **دهۆك** | 0.0% | 8.8% |
| | **هەولێر** | 0.1% | 6.5% |
| | **سلێمانی** | 0.0% | 3.5% |
| ڕێژەی دانیشتوان کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی چارەسەرکراو | **هەرێمی کوردستان** | 97.7% | 91.7% |
| | **دهۆك** | 97.2% | 95.7% |
| | **هەولێر** | 98.2% | 94.4% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| به‌كارده‌هێنن | **سلێمانی** | 97.7% | 87.1% |
| ڕێژه‌ی دانیشتوان كه خزمه‌تگوزاری چاره‌سه‌ركراوی ئاوه‌ڕۆ به‌كارده‌هێنن | **هەرێمی كوردستان** | 97.3% | 68.5% |
| | **دهۆك** | 99.0% | 98.2% |
| | **هەولێر** | 96.3% | 31.5% |
| | **سلێمانی** | 97.3% | 84.7% |

**وه‌ك ئاماژه‌، خشته‌ی 6.3 داتاكانی ده‌ستگه‌یشتن به‌ خزمه‌تگوزارییه‌ بنه‌ڕه‌تییه‌كان له‌خۆده‌گرێت كه‌ له‌ ڕووپێوی** MICS **ی** 2011 **وه‌رگیراوه‌. هه‌رچه‌نده‌ نیشانده‌ره‌كان ڕاسته‌وخۆ به‌راورد ناكرێن به‌ داتاكانی** IHSES**، به‌ڵام چوارچێوه‌یه‌كی زیاتر پێشكه‌ش ده‌كه‌ن له‌سه‌ر چۆنیه‌تی ده‌ستگه‌یشتنی هاووڵاتیان به‌ خزمه‌تگوزارییه‌ سه‌ره‌كیه‌كان هه‌روه‌ها تا ڕاده‌یه‌كی زۆر له‌گه‌ڵ ئاڕاسته‌كانی** IHSES **ده‌ڕوات.**

### خشته‌ی 6-3 : داتاكانی ده‌ستگه‌یشتن به‌ خزمه‌تگوزارییه‌ بنه‌ڕه‌تییه‌كان

| | MDG/CI | هەرێم | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی دانیشتوان کە سووتەمەنی ڕەق بەکاردەهێنن | MDG | 0.2% | 0.4 | 0.1 | 0.2 | 1.2% | *MICS* |
| ڕێژەی دانیشتوان کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی چارەسەرکراو بەکاردەهێنن | MDG, CI | 96.7% | 98.9% | 96.8% | 95.3% | 91.4% | *MICS* |
| ڕێژەی دانیشتوان کە خزمەتگوزاری چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ بەکاردەهێنن | MDG | 97.7% | 97.3% | 98.7% | 96.9% | 93.8% | *MICS* |
| تێبینیەکان : داتای *MICS* لە ڕووپێوی *MICS4* ی ساڵی 2011. داتای *MICS* لە لایەن دەستەی ئاماری هەرێم *KRSO* کۆکراوەتەوە. | | | | | | | |

## 7. کشتوکاڵ

| | MDG/CI | هەرێم | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی کارمەندانی چالاکییە کشتوکاڵییەکان | - | 5.2% | 4.0% | 4.3% | 6.8% | *KRLFS* |
| زەوی بەکارهێنراو بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی: زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ (ملیۆن دۆنم) | CI | 4.89 | 1.21 | 2.51 | 1.17 | خشتەکانی پوختەی کشتوکالی هەرێمی کوردستان |
| زەوی بەکارهێنراو بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی: رووبەری چینراو، زستانە (ملیۆن دۆنم) | CI | 2.68 | 0.78 | 0.75 | 1.14 | رووپێوی ئاماری کشتوکاڵی |
| زەوی بەکارهێنراو بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی: رووبەری چینراو، هاوینە (ملیۆن دۆنم) | CI | 0.19 | 0.08 | 0.06 | 0.05 | رووپێوی ئاماری کشتوکاڵی |

تێبینیەکان: داتای KRLFS هی ساڵی 2013 و لەلایەن KRSO کۆکراوەتەوە. خشتەکانی پوختەی KRSO (**رووبەرەکانی** کشتوکالی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەیلولی 2012) بە http://www.krso.net/reports دەستکەوتووە لە 27 کانونی یەکەمی 2012. پوختەی داتای کشتوکالی لەلایەن KRSO کۆکراوەتەوە. **رووبەرە چێنراوەکان لە راپۆرتەکانی** KRSO **هەژمارکراون، رووپێوی ئاماری کشتوکاڵی بۆ بەروبوومەکانی زستانە** (2011-2012) **و رووپێوی ئاماری کشتوکاڵی بۆ بەروبوومەکانی هاوینە** (2011-2012).

**ڕێژەی کارمەندانی چالاکییە کشتوکاڵییەکان** ڕێخۆش دەکات بۆ ئاشنابوون بە هێزی کاری کشتوکاڵی. کارمەندانی کشتوکاڵی مەترسی زیاتریان لەسەرە لەڕووی کەشوهەوا و گۆڕانکاری لەناکاوی ترەوە، هەروەها وەک لە بەشی نیشاندەرەکانی هەژاریدا باسکرا، ئەمانە بەشێک نین لە تۆڕی سەلامەتی و بیمەی کۆمەڵایەتی. لەم دیدگایەوە، باشترە کە بەشێکی زۆری هێزی کار لە کەرتی کشتوکاڵدا کارنەکات. هەروەها کاری کشتوکاڵی وەک بەشێک لە کۆی کار بەگشتی لە دابەزیندایە لەمیانەی پرۆسەی گەشەی ئابووری، لە کاتێکدا کەرتەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری فراوانتر دەبن. لەلایەکی ترەوە دابەزینی زۆر لەناکاوی هێزی کاری کشتوکاڵی لەوانەیە لە ئەنجامی نەبوونی وەبەرهێنانی گونجاو بێت لە زەوی و تەکنەلۆجیای ئەم کەرتە، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەی ناهاوسەنگ و کەمی بەرهەمهێنانی خۆراک یان ناسەلامەتی خۆراک.

ڕێژەی کارمەندانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان نزمە، تەنها لەسەروو 5% دەبێت. بەپێچەوانەوە، 76%ی کۆی کارمەندان لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری و نزیکەی 19% لە کەرتی پیشەسازین. کاری کشتوکاڵ لە سلێمانی (6.8%) کە بەرزترە لە دوو پارێزگاکەی تر و نزمترینە لە دهۆك (4%). ڕێژەی کارمەندانی کەرتی کشتوکاڵ بۆ پیاوان و ئافرەتان نزمە، پیاوان (4.8%) و ئافرەتان (7.9%).

بوارێکی تری گرنگ بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک بریتییە لە بەکارهێنانی زەوی بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی. هەرێمی کوردستان نزیکەی 4.9 ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە (وەك لە 2011 هەژمارکراوە، بەڵام پێشبینی ناکرێت کە لەگەڵ کاتدا بە خێرایی گۆڕانکاری تێدا ڕووبدات)، کە 35%ی کۆی ڕووبەری هەرێم پێکدەهێنێت. پارێزگای هەولێر دوو ئەوەندەی دوو پارێزگاکەی تر زەوی کشتوکاڵی هەیە. زیاتر لە 87%ی زەوی کشتوکاڵی پشت بە باران دەبەستێت (نەک ئاودێری)، ئەمەش مەترسی کەشوهەوا زیاتر دەکات لەسەر کشتوکاڵ. ئەمەش یەکێکی ترە لەو نیگەرانییانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان سەبارەت بە بەرهەمهێنان و ئاسایشی خۆراک لە ئەنجامی نزمی ڕێژەی کارمەندی کشتوکاڵی لە کۆی هێزی کار. هەروەها ڕووبەری راستەقینەی چێنراو لە 2011-2012 بۆ بەروبوومەکانی زستانە و هاوینە دەخەینەڕوو، کە کەمترە لە ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی. زۆرینەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە زستاندا ڕوودەدات. نزیکەی 55٪ی زەوی کشتوکاڵی لە زستاندا دەچێندرێت (2.68 ملیۆن دۆنم). سلێمانی گەورەترین ڕووبەری چێندراوی هەیە، کە نزیکەی سەرجەم زەویە کشتوکاڵیەکەی دەچێندرێت، لە کاتێکدا هەولێر کەمترینی هەیە (کەمتر لە 30٪ی زەوی کشتوکاڵی).

لێرەدا بەراورد لە نێوان تازەترین داتای بەردەست و داتای پێشوو دەکەین.

### خشتەی 7-1 : کارمەندانی چالاکییە کشتوکاڵیەکان لە 2012 و 2013

| | 2012 | 2013 |
|---|---|---|
| هەرێم | 6.1% | 5.2% |
| دهۆك | 5.8% | 4.0% |
| هەولێر | 5.9% | 4.3% |
| سلێمانی | 6.5% | 6.8% |

**تێبینی: داتاكان هی KRLSF و له لایەن KRSO كۆكراوەتەوە.**

**گۆڕانكاری له ڕێژەی كارمەندان له چالاكیه كشتوكاڵیەكان له خشتەی 7-1 نیشاندراوه. ئەم ڕێژەیه دابەزی له ڕێژەیەكی نزم 6.1٪ له 2012 بۆ 5.2٪ له 2013. دهۆك و هەولێر دابەزینی بەرچاویان بەخۆوەبینی، بەڵام سلێمانی كەمێك بەرزبۆوه. ڕێزبەندی پارێزگاكان بەپێی ئەم نیشاندەره ناگۆڕێت له چەندینساڵدا. وەك پێشتر باسكرا، شتێكی سەیر نیه كه ئەم نیشاندەره لەگەڵ پەرەپێداندا دابەزی. لەگەڵ ئەمەشدا، ناتوانرێت پێشبینی مەودای درێژخایەن بكەیت تەنها بە پشت بەستن به داتای دوو ساڵ. دابەزینی نێوان دوو ساڵ دەكرێت بەهۆی هۆكاری تر بێت وەك كەش و هەوا، كه مەودای درێژخایەن نیشان نادات. لەبەر ئەوەی هەرێمی كوردستان بەگشتی نیگەرانه له بەرامبەر قەبارەی دانیشتوانی لادێ و چالاكی كشتوكاڵی، ئەدای ئەم نیشاندەره لەگەڵ كاتدا جێی چاودێری دەبێت.**

## 8. ئابوری گشتی

| | MDG/CI | هەرێمی کوردستان | هەموو عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|
| کۆی خەرجییەکانی حکومەت، 2013 | CI | 16.94 ترلیۆن دیناری عێراقی<br>%58.2 لە کۆی داهاتی هەرێم (GRP) | 138.4 ترلیۆن دیناری عێراقی<br>%49 لە کۆی داهاتی نیشتمانی (GDP) | *KRG* |
| خشتەی نرخەکانی بەکاربەر/ هەڵئاوسان، رێژەی ساڵ بە ساڵ، کانوونی یەکەم 2012 – کانوونی یەکەم 2013 | CI | %4 | %3.2 | رووپێوی نرخی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان** |

تێبینیەکان: *ژمارەکانی بودجەی 2013 بە کار هاتوونە بۆ **خەرجی** حکومەت. GRP بریتیە لە کۆی بەرهەمی **هەرێم**. **بە پێی** KRSO **بڕی** GRP **بە نزیکەی** 25 **ملیار دۆلار دانراوە بۆ هەژمارکردنی خەرجی وەك رێژەی سەدی لە** GDP. **خەملێنراوی** GDP **ی** 2012 **بۆ عیراق بەکارهاتووە بۆ هەژمارکردنی خەرجی وەك رێژەی سەدی لە** GDP **و لەم سایتە وەرگیراوە** http://www.indexmundi.com/iraq/economy_profile.html **، و دەست کەوتووە لە** 25 **نیسانی** 2014. **نرخی گۆڕینی** 1 **دۆلاری ئەمریکی** = 1164 **دیناری عیراقی، ئەگەر پێویست بوو.**

** **داتای** CPI لە ناو خشتەکە و دەقەکە لە **راپۆرتی** CPI ی دەستەی ئاماری هەرێم **بۆ ساڵی** 2013 وەرگیراوە. ڕێژەی هەڵئاوسان بۆ هەموو عێراق لە بانکی ناوەندی عێراق وەرگیراوە ، http://www.cbi.iq لەڕێکەوتی 25 **نیسانی** 2014 بەدەستکەوتووە.

**کۆی خەرجییەکانی حکومەت** نیشاندەرێکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە رۆڵی حکومەت لە ئابووریدا. هاوشان لەگەڵ بەکاربردن، وەبەرهێنان و هەناردەکردن، خەرجییەکانی حکومەت یەکێکە لەو پێکهاتانەی هەژمار دەکرێت لەگەڵ کۆی داهاتی ناوخۆیی (GDP) ئابووری وڵاتێک یان هەرێمێک. بۆ ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکان، دابەشکردنی خەرجییەکانی حکومەت بۆ دوو بەش زۆر گرنگە: خەرجییەکانی بەگەڕخستن (ئێستا) کە بۆ پێداویستییەکانی ئێستا خەرج دەکرێن لەگەڵ خەرجییەکانی سەرمایە یان وەبەرهێنان (لە داهاتوودا خەرج دەکرێن). خەرجی زۆری حکومەت، بەتایبەتی خەرجی بەگەڕخستن، بە بەراورد لەگەڵ کۆی داهاتی ناوخۆیی (GDP) ئاماژەیە بۆ ئابوورییەک کە حکومەت بەڕێوەی دەبات نەک کەرتی تایبەت. لەلایەکی ترەوە، خەرجی کەمی حکومەت، بەتایبەتی لە تەندروستی و پەروەردە ولەو کەرتانەدا کە کەرتی تایبەت وەبەرهێنانی تێداناکەن، لەوانەیە باش نەبێت بۆ گەشەی ئابووری دوورمەودا.


لە ساڵی 2013، کۆی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە باشترین خەمڵاندنە بۆ خەرجییەکانی حکومەت، نزیکەی 17 ترلیۆن دیناری عێراقی بوو. لەمە، 5.33 ترلیۆن (%31.4)ی دانراوە بۆ وەبەرهێنان. وەبەرهێنان لە ئابوری سوودبەخش دەبێت لە مەوادی دووردا، ئەمەش هۆکاری لەبەرچاوگرتنی ئەم بەشەی بودجەیە بەجیا. خەرجیەکانی

بەگەڕخستن، کە بەشی گەورەی بودجەی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، هەمان سوودی نابێت لە مەودای دوور. وەك خاڵێکی بەراوردکردن، بودجەی هەموو عیراق 138.4 ترلیۆن دیناری عیراقی بوو. ڕێژەی 40٪ لەم بودجەدا بۆ وەبەرهێنان تەرخانکرابوو[12]. ئاساییە کە خەرجی هەژماربکرێت وەك ڕێژەی سەدی کۆی داهاتی خۆماڵی (GDP)، چونکە ئابورییە مەزنەکان پێویستیان بە خەرجی زیاترە و لە توانایاندایە دابینی بکەن. بەسروشتیکردنی لەگەڵ کۆی داهاتی خۆماڵی (GDP) ڕێگەدەدات بە بەراوردکردنی خەرجیەکان لە چەند وولاتێکدا. ئەگەر کۆی داهاتی خۆماڵی (GDP) هەرێمی کوردستان بە 25 ملیار دۆلاری ئەمریکی بخەملێنرێت، و بە بەکارهێنانی نرخی گۆڕینەوەی 1 دۆلار بە 1164 دیناری عیراقی، ڕێژەکە زیاتر لە 58٪ ە بۆ هەرێمی کوردستان. بە بەکارهێنانی خەملاندنی ساڵی 2012 کە 242.5 ملیار دۆلاری ئەمریکی بوو، ئەم ڕێژەیە نزیکەی 50٪ دەبێت بۆ عیراق بەگشتی، ئەگەرچی بەپێی نیشاندەری ئازادی ئابوری 2014، ئەم ڕێژەیە کەمێك لە خوارترە کە 44.6٪.

بودجەکانی هەرێمی کوردستان و عیراق گەشەی کردووە، بە بەراورد بە ژمارەکانی ساڵی 2012، بە ڕێژەی 11٪ بۆ هەرێمی کوردستان و بەرێژەیەکی بەرزتر بۆ عیراق کە 18٪ ە.

شێوەی 8-1 بەراوردی لە نێوان خەرجیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات وەك بەشێك لە کۆی داهاتی خۆماڵی (GDP) و خەرجییەکانی چەند وولاتێکی ناوچەکە:

**شێوەی 8-1: خەرجیەکانی حکومەت – کۆی خەرجییەکان و وەبەرهێنان**




تێبینی: داتاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەو سەرچاوانە وەرگیراون کە لە خشتەی سەرەوەدا ئاماژەیان پێدراوە. بۆ وڵاتی تر، داتاکانمان **لە نیشاندەری ئازادی ئابوری** 2014 **وەرگرتووە کە لەم سایتەدا بەردەستە** http://en.wikipedia.org/wiki/Government_spending **و لەبەراوری** 25 **نیسانی** 2014 **بەدەستکەوتووە.**

[12] http://reliefweb.int/report/iraq/iraq-budget-2013-background-paper

**جگە لە هەرێمی کوردستان و عیراق**، لە نیشاندەرەکانی بانکی جیهانی کۆی وەبەرهێنانمان **وەرگرتووە، کە بە** لێدەرکردنی وەبەرهێنانی تایبەت لە کۆی داهاتی نیشتیمانی ، **وەبەرهێنانی حکومی لە کۆی** داهاتی نیشتمانی **بەدەستدەهێنین.** کاتێک وەبەرهێنانی حکومەت لە کۆی داهاتی نیشتیمانی دابەش دەکرێت بەسەر کۆی خەرجییەکانی حکومەت لە کۆی داهاتی نیشتیمانی، خەرجییەکانی وەبەرهێنان وەک بەشێک لە کۆی خەرجییەکانی حکومەت بەدەستدەهێنین. **بۆ ئەم وولاتانە داتای سالی** 2012 **بەکارهاتووە.**

**خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە کۆی داهاتی هەرێم و هی عێراق بەگشتی زۆر زیاترە لەوەی میسر** (31.8%)، ئەردون (33.2%)، **و ئیماراتی عەرەبی** (23.7%). **لە** کاتێکدا **نیگەرانی هەیە بەرامبەر پشتبەستنی لەڕادەبەری حکومەت لە ئابووری، بەڵام کاتێك لە بەشی وەبەرهێنان لە بودجەی حکومەت دەکۆڵێتەوە، دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان و عیراق بەگشتی بە باشی بەراورددەکرێن بە وولاتانی تری ناوچەکە. میسر بە** (15.7%) **و ئەردون بە** (18٪) **بەشە بودجەی تەرخانکراویان بۆ وەبەرهێنان کەمترە. تەنها ئیماراتی عەرەبی** (37.9%) **ڕێژەکەی لە نێوان ڕێژەکانی عیراق و عیراقە بەگشتی.**

**ئاستی گشتی نرخەکان، کە ناسراوە بە خشتەی نرخەکانی بەکاربەر** ((CPI) Consumer Price Index)، **ئاماژەیە بۆ تێچووی هەڵبژاردەیەک یان "سەبەتەیەک" لە کاڵا و خزمەتگوزاری کڕاو لەلایەن "بەکاربەری ئاسایی"ەوە. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەردەوام داتا کۆدەکاتەوە لەسەر نرخەکانی کاڵا و خزمەتگوزاری دیاریکراو. هەڵئاوسان بریتییە لە ڕێژەی زیادبوونی نرخەکان یان خشتەی نرخەکانی بەکاربەر. زۆر جار ئەمانە لە جیاتی یەکتری بەکاردەهێنرێن، ئەگەرچی خشتەکە بەتەنها روون نیە، ئەوەی گرنگە بریتییە لە ڕێژەی گۆڕانکاری لە خشتەکەدا. ڕێژەی هەڵئاوسان نیشاندەرێکە کە بەوردی چاودێری دەکرێت، چونکە کاریگەری هەیە لەسەر بەهای راستەقینەی دراوی ئابووری، لە ئەنجامی ئەمەش لەسەر توانای کڕینی بەکاربەر.**

**هەڵئاوسانی "ساڵ بە ساڵ" لەنێوان کانوونی یەکەمی 2012 و کانوونی یەکەمی 2013 بریتی بوو لە 4٪. وەك خاڵێکی بەراوردکردن، ڕێژەی هەڵئاوسانی ساڵ بە ساڵی عێراق بەگشتی نزمترە کە 3.2٪ بوو لە هەمان ماوەدا. ڕێژەی هەڵئاوسان لە هەرێمی کوردستان دابەزی لە 5.6٪ لە نێوان کانوونی یەکەمی 2011 و کانوونی یەکەمی 2012. لەگەڵ ئەمەش دابەزینی ڕێژەی عیراق بەگشتی بەرچاوتر بوو (لە 6.35٪). خاڵێکی تری بەراوردکردن، هەڵئاوسانی ساڵانە لە تورکیا بەرزبوو لە 2013** (7.4%)[13]. **ڕێژەی هەڵئاوسان بریتییە لە گۆڕان لە تێکڕای نرخەکان لەنێوان دوو ساڵدا، ئەمەش جیاوازە لە ڕێژەی هەڵئاوسانی ساڵ بە ساڵ لەنێوان هەمان مانگی دوو ساڵی یەک لەدوای یەکدا** (**بۆ نموونە، کانوونی یەکەمی 2012 و کانوونی یەکەمی 2013**) **وەک لە خشتەی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە**[14].

---

[13] http://www.inflation.eu/inflation-rates/turkey/historic-inflation/cpi-inflation-turkey.aspx، **لە 25 نیسانی 2014 بەدەستهاتووە.**

[14] **خشتەی نرخەکانی بەکاربەر بۆ کانوونی یەکەمی 2012 لە هەرێمی کوردستان 140,4 بوو و لە کانوونی یەکەمی 2013 گەیشتە 146، واتا بەزربوونەوەی ڕێژەی ساڵ بە ساڵ بە نزیکەی 4٪.**

## 9. کەرتی تایبەت

| | MDG/CI | هەرێم | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی کارمەندی کەرتی تایبەت | - | 48.4% | 47.8% | 44.8% | 52.0% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی کارمەندان لە کەرتی گشتی | - | 51.1% | 51.8% | 54.4% | 47.7% | | *KRLFS* |
| ڕێژەی سەدیی کارمەندان بەپێی چالاکی ئابووری: ضالاكية سةرةكيةكان | CI | 6.0% | 4.6% | 5.7% | 7.0% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی سەدیی کارمەندان بەپێی چالاکی ئابووری: پیشەسازی | CI | 18.0% | 15.9% | 17.8% | 19.4% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی سەدیی کارمەندان بەپێی چالاکی ئابووری: خزمەتگوزارییەکان | CI | 76.0% | 79.6% | 76.5% | 73.6% | - | *KRLFS* |
| داتای KRLFS لە 2013 ولەلایەن KRSO کۆکراوەتەوە. | | | | | | | |

چەندین نیشاندەر بەکاردەهێنرێن بۆ ئاشنابوون بە پەرەپێدانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان. **ڕێژەی کارمەندانی کەرتی تایبەت** بریتییە لە پێوانەکردنی ڕێژەی کارمەندان (وەک کارمەند، کاری سەربەخۆ و هەموو ئەو جۆرە کەسانی وەک کارمەند پێناسە دەکرێن) کە لە کەرتی تایبەت کاردەکەن. بە بەکارهێنانی ڕووپێوی KRLFS لە 2013، ئەمە بە 48.4% خەمڵێنراوە لە هەرێمی کوردستان. وەک زۆربەی ئابوورییەکانی ناوچەکە، کاری کەرتی گشتی باڵادەستترین سەرچاوەی دابینکردنی کارە لە هەرێمی کوردستان: نزیکەی نیوەی کارمەندانی هەرێم (51.1%) لە کەرتی گشتی کاردەکەن (ڕێژەیەکی سەدیی بچووک بەشێوەیەک پێناسە دەکرێن کە نە سەر بە کەرتی گشتین، نە کەرتی تایبەت، بۆ نموونە کارکردن بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان). وەک پایتەختی هەرێم، پارێزگای هەولێر زۆرترین ژمارەی کاری کەرتی گشتی تێدایە، نزیکەی 54.4%ی کۆی کاری گشتی و کەمترین ڕێژەی کاری کەرتی تایبەتی تێدایە. ڕێژەی کاری کەرتی تایبەت لە سلێمانی بەرزترینە (52%).

پاشان بە تیروانین لە ڕێژەی سەدیی کارمەندان بەپێی چالاکی ئابووری یان کەرتی پیسەسازی، سێ چارەکی کارمەندان لە کەرتی خزمەتگوزارییەکاندان (76%). پیشەسازی بە ژمارەیەکی دوور لەمە لە پلەی دووەمدایە (18%)، پاشان کشتوکاڵ کە ڕێژەیەکی بچووکی هەیە (6%). تێبینی بکە کە ئەمە ڕێژەی هەموو کارمەندانی

هەرێمی کوردستانە، لە کەرتی تایبەت و گشتی. کۆی رێژەی خزمەتگوزارییەکان، پیشەسازی و کشتوکاڵ هاوشێوەن لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بە جیاوازییەکی کەمەوە. لەناو کەرتی پیشەسازی بچووکدا، بیناسازی بالأدەستە، بەریژەی سێ لە چواری کۆی کارمەندانی پیشەسازی. پیشەسازی دروستکردن یەك لە دەی کۆی کارمەندانی پیشەسازی و کەمتر لە 2.1%ی کۆی کارمەندانی هەرێم پێکدەهێنێت.

لەم بەشەدا، سەیری کەرتی تایبەت (و کەرتەکانی چالاکی) کرا لە روانگەی رێژەکانی کارکردن. راپۆرتەکانی داهاتووی سیستمی چاودێری کۆمەڵایەتی-ئابووری نیشاندەری زیاتر بەکاردەهێنێت بۆ چالاکییەکانی کەرتی تایبەت زیاتر لەوانەی هێزی کار و چاوەڕوان دەکرێت ژمارەیەک کۆمپانیا لە خۆبگرێت بەپێی چالاکی ئابووری، هاتنی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ، وەبەرهێنانی جێگیر بەپێی کۆمپانیا، هەروەها بەکارهێنانی مۆبایل و ئەنتەرنێت (بڕوانە پاشکۆی ب بۆ لیستی هەموو نیشاندەرەکان).

لە نێوان 2012 و 2013، گۆڕانکاری گەورە روویداوە لە رێژەی کارمەندان لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی. ئەگەرچی رێژەی کارمەندان لە کەرتی پیشەسازی بەرزبۆوە و لە کەرتی خزمەتگوزارییەکان دابەزیوە. بەرزبوونەوەی رێژەی کارمەندان لە کەرتی پیشەسازی بە شێوەیەکی تایبەت لە هەولێر بووە (نزیکەی سێ لە سەد).

## خشتەی 9-1 نیشاندەرەکانی کەرتی تایبەت لە 2012 و 2013

| نیشاندەر | شار | 2012 | 2013 |
|---|---|---|---|
| ڕێژەی کارمەندی کەرتی تایبەت سەرچاوە: KRLFS | هەرێم | 48.5% | 48.4% |
| | دهۆك | 46.6% | 47.8% |
| | هەولێر | 46.9% | 44.8% |
| | سلێمانی | 51.0% | 52.0% |
| ڕێژەی کارمەندان لە کەرتی گشتی سەرچاوە: KRLFS | هەرێم | 50.5% | 51.1% |
| | دهۆك | 53.0% | 51.8% |
| | هەولێر | 50.9% | 54.4% |
| | سلێمانی | 48.7% | 47.7% |
| ڕێژەی سەدیی کارمەندان بەپێی چالاکی ئابووری: چالاکیە سەرەکیەکان سەرچاوە: KRLFS | هەرێم | 6.1% | 6.0% |
| | دهۆك | 5.8% | 4.6% |
| | هەولێر | 5.9% | 5.7% |
| | سلێمانی | 6.5% | 7.0% |
| ڕێژەی سەدیی کارمەندان بەپێی چالاکی ئابووری: پیشەسازی سەرچاوە: KRLFS | هەرێم | 16.6% | 18.0% |
| | دهۆك | 15.9% | 15.9% |
| | هەولێر | 14.9% | 17.8% |
| | سلێمانی | 18.4% | 19.4% |
| ڕێژەی سەدیی کارمەندان بەپێی چالاکی ئابووری: خزمەتگوزارییەکان سەرچاوە: KRLFS | هەرێم | 77.3% | 76.0% |
| | دهۆك | 78.4% | 79.6% |
| | هەولێر | 79.2% | 76.5% |
| | سلێمانی | 75.1% | 73.6% |

## 10. بازاڕی کار

| | MDG/CI | هەرێم | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی بەشداری هێزی کار بۆ تەمەنی 15+ | - | 39.8% | 35.9% | 40.0% | 41.9% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی بەشداری هێزی کار بۆ تەمەنی 15+، نێر | - | 67.1% | 63.7% | 68.5% | 67.1% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی بەشداری هێزی کار بۆ تەمەنی 15+، مێ | - | 12.7% | 8.3% | 12.0% | 16.1% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی بێکاری، تەمەنی 15+ | - | 6.5% | 7.3% | 4.3% | 8.1% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی بێکاری، تەمەنی 15+، نێر | - | 4.4% | 6.2% | 2.8% | 4.8% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی بێکاری، تەمەنی 15+، مێ | - | 17.8% | 16.0% | 12.8% | 21.7% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی بێکاری لاوان (15-24) | - | 17.0% | 14.9% | 13.5% | 21.5% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی بێکاری لاوان (15-24)، نێر | - | 12.7% | 13.6% | 10.5% | 14.1% | - | *KRLFS* |
| ڕێژەی بێکاری لاوان (15-24)، مێ | - | 43.8% | 28.6% | 34.5% | 53.9% | - | *KRLFS* |
| ژمارەی کارمەندی موچەخۆر(بە هەزار) | - | 872.3 | 199.7 | 342.9 | 329.8 | - | *KRLFS* |
| تێبینیەکان: داتای KRLFS لە 2013 ولەلایەن KRSO کۆکراوەتەوە. | | | | | | | |

**هێزی کار بریتییە لە کۆی ژمارەی ئەو تاکەکەسانەی تەمەن 15 ساڵ یان زیاترن و لە هێزی کاردان یان "لەڕووی ئابوورییەوە چالاکن"، واتا لە ئێستادا کاردەکەن، یان ئەگەر کارنەکەن، ئامادەن و چالاکانە بەدوای کاردا دەگەڕێن. "کار" بەپێی جارنامە نێودەوڵەتییەکان، بریتییە لە کارکردن بەرامبەر موچە یان کارکردن لە بازرگانی یان کۆمپانیا**

یان کێڵگەی خێزاندا راستەوخۆ بەرامبەر پارە بێت یان نا. رێژەی بەشداری هێزی کار بۆ تەمەنی 15+ بریتییە لە رێژەی سەدی ئەو کەسانەی تەمەنیان 15 ساڵ یان زیاترە و بەشێکن لە هێزی کار. داتاکانی رووپێوی (KRLFS) نیشانی دەدات کە هێزی کاری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 بریتییە لە 39.8%ی کۆی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ یان زیاتر – رێژەیەکی بەشداری تاڕادەیەک نزم. ئەگەرچی ئەم رێژەیە کەمێك بەرزترە لە رێژەی **ئەردون** (38٪)، بەڵام زۆر نزمترە لە رێژەکانی تورکیا (نزیکەی 50٪) و میسر (نزیکەی 48٪). هەروەها ئەم رێژەیە بەرزبۆتەوە کاتێك لە 2012 بە 38.4٪ تۆمارکرا (بڕوانە خشتەی 10-1 لە خوارەوە). رێژەی بەشداری لە هێزی کار لە گشت پارێزگاکان بەرزبۆتەوە، بەتایبەتی لە هەولێر (بە رێژەی 1.9٪ و لە سلێمانی (بە رێژەی 1.6٪).

هۆکاری سەرەکی نزمی کۆی رێژەی بەشداری لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ بەشداری زۆر نزمی ئافرەتان. بێگومان، پیاوان ژمارەیان ئێجگار زیاترە لە ئافرەتان لە هێزی کاردا. لەناو پیاوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر، نزیکەی دوو لە سێی لە هێزی کاردان، لەکاتێکدا تەنها 12.7%ی ئافرەتان لە هێزی کاردان – بەڵام ئەوەی جێی سەرنجدانە کە ئەم رێژەیە بەرزترە لە 12.1٪ لە هەمان ماوەی 2012. هەروەها لەناو پیاوی لاودا (تەمەن 15-24)، تەنها یەك لە سێی لە هێزی کاردان، لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆریان هێشتا دەخوێنن.

**رێژەی بێکاری** بریتییە لە رێژەی بێکارانی ناو هێزی کار، واتا لەئێستادا کارناکەن بەڵام ئامادەن و بەدوای کاردا دەگەڕێن. رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 بریتییە لە 6.5%. دۆخی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە باشە. بۆ نموونە لە 2012 رێژەی بێکاری لە تورکیا 8.4% بوو، لە میسر 12.6% بوو هەروەها رێژەی بێکاری نزمترە لە رێژەی 7.9٪ی ساڵی 2012. ئەگەرچە ئەمە هەواڵێکی باشە، بەڵام پێویستە سەرنج بدەین، بە رەچاوکردنی بەشداری نزمی هێزی کار، کە ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە بەشی زۆری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کاردەکەن.

هاوشێوەی بەشداری، جیاوازی گەورە لە جۆری کۆمەڵایەتی (نێر و مێ) هەیە لە بێکاریدا. رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بۆ ئافرەتان چوار ئەوەندەی رێژەی بێکاری پیاوانە (17.8% بەرامبەر 4.4%). هەروەها دەبێت بیرمان نەچێت کە ژمارەی پیاوان لە هێزی کار زۆر زیاترە لە ژمارەی ئافرەتان، بۆیە رێژە بەرزەکانی ئافرەتان مانای ئەوە ناگەیێنێت کە ژمارەی ئافرەتانی بێکار زۆر زیاترە لە پیاوان.

رێژەکانی بێکاری لاوان بەوردی چاودێری دەکرێن، چونکە نیشانی دەدەن کە ئابووری دەرفەتی ئابووری دروست دەکات بۆ ئەوانەی دەچنە بازاڕی کارەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری و سەقامگیری کۆمەڵایەتی. لە هەرێمی کوردستان بێکاری لاوان (تەمەن 15-24) بریتییە لە 17%، زۆر بەرزترە لە 6.5%ی کۆی رێژەی بێکاری، ئەمەش شتێکی باوە کە رێژەی بێکاری لە ناو لاوان بەرزتربێت لە دانیشتوان بەگشتی. دیاردەی رێژەی بەرزی بێکاری

لاوان له وڵاتانی ناوچەکە شتێکی بەرچاوە. بەڵام وەک کۆی ڕێژەی بێکاری، بێکاری لاوان لە هەرێمی کوردستان لەناو نزمترینەکاندایە لە ناوچەکە. لەکاتێکدا لە تورکیا ڕێژەی بێکاری بۆ گروپی تەمەنی 15-24 ساڵ لە چارەکی دووەمی 2012دا دابەزیوە بۆ 16.1%، لە ئەردون 28% و لە میسر بۆ تەمەنی 20-24 ساڵ 41.4% بوو (هەرچەندە ژمارەی میسر کە هی 2012یە، بەرئەنجامی کاریگەری شۆڕشی 2011یە لەسەر ئابووری). ئەگەرچی بێکاری لاوان لە هەرێمی کوردستان ئەوەندەی وڵاتانی تری ناوچەکە مەترسیدار نییە (و ڕێژەکەی لە 2013 کەمێك نزمتر بوو لە هی 2012)، بەڵام کەمێک بەرزە و پێویستە لەکاتی داڕشتنی سیاسەتەکاندا ڕەچاوبکرێت.

هاوکات جیاوازی جۆری کۆمەڵایەتی (نێر و مێ) لە بێکاری لاواندا جێگەی سەرنجە. لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی بێکاری بۆ ئافرەتی لاو زۆر بەرزە، 43.8% بە بەراورد بە 12.7%ی پیاوی لاو. وەک ژمارەکە بۆ هەموو گەوران، پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ژمارەیەکی کەمتر ئافرەت لە هێزی کاردان، لەبەرئەوە ژمارەی پیاوی لاوی بێکار زیاترە لە ژمارەی ئافرەتی لاو. ڕێژەی بەرزی بێکاری ئافرەتان، بەتایبەتی ئافرەتی لاو، ئاماژەیە بۆ ئەو بەربەستانەی ڕێگرن لە بەکارخستنی ئەو ئافرەتانەی دەچنە هێزی کارەوە. ئەگەرچی جیاوازیەکە هەر زۆرە، بەڵام ڕێژەی بێکاری ئافرەتانی لاو زیاتر دابەزی لە ساڵی ڕابردوو بەرامبەر بە ڕێژەی بێکاری پیاوانی لاو لە هەمان ساڵدا.

**هەروەها** جیاوازی بەرچاو هەیە لەنێوان پارێزگاکاندا **سەبارەت بە نیشاندەرەکانی هێزی کار**. ڕێژەیەکی زۆری کەسانی تەمەن 15+ بەشێکن لە هێزی کار لە سلێمانی (37.3%) زیاتر وەک لە هەولێر (35.6%) و لە دهۆک (31.9%) کە نزمترینە. هاوکات نزمترین ڕێژەی بێکاری لە هەولێرە (4.3%) و لە دهۆک و سلێمانی بەرزترە.

لەکۆتایدا، ژمارەی کارمەندی موچەخۆر بریتییە لە هەژمارکردنی کۆی ژمارەی ئەو کارمەندانەی موچە یان کرێ وەردەگرن. ئەمە ئەوانە ناگرێتەوە کە کار بۆ خۆیان دەکەن، خاوەنی کارن یان کاری بێبەرامبەر دەکەن لە بازرگانی یان لەگێلگەی خێزان. لە 2013، بەپێی ڕووپێوی (KRLFS)، نزیکەی 872 هەزار کارمەندی موچەخۆر هەبووە لە هەرێمی کوردستان. لەبەرئەوەی ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی و هەولێر زیاترە لە دهۆک، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە ئەم دوو شارە زۆرترین ژمارەی کارمەندی موچەخۆریان هەیە (سلێمانی 330 هەزار و هەولێر 343 هەزار). خاڵێکی پەرەپێدانی ئەرێنی ئەوەیە کە نزیکەی 50 هەزار کارمەندی موچەخۆری زیاتر لە 2012 هەبوو (کە ڕەنگە پەیوەست بێت بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی کارکردن لە کەرتی پیشەسازیدا).

خشتەی 1-10 : نیشاندەرەکانی بازاڕی کار لە رووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان ( KRLFS ) لە 2012 و 2013

| | | 2012 | 2013 |
|---|---|---|---|
| ڕێژەی بەشداری هێزی کار بۆ تەمەنی 15+ | **هەرێم** | 38.4% | 39.8% |
| | **دهۆك** | 35.6% | 35.9% |
| | **هەولێر** | 38.1% | 40.0% |
| | **سلێمانی** | 40.3% | 41.9% |
| ڕێژەی بەشداری هێزی کار بۆ تەمەنی 15+، نێر | **هەرێم** | 65.8% | 67.1% |
| | **دهۆك** | 64.1% | 63.7% |
| | **هەولێر** | 66.2% | 68.5% |
| | **سلێمانی** | 66.6% | 67.9% |
| ڕێژەی بەشداری هێزی کار بۆ تەمەنی 15+، مێ | **هەرێم** | 12.1% | 12.7% |
| | **دهۆك** | 8.0% | 8.3% |
| | **هەولێر** | 11.6% | 12.0% |
| | **سلێمانی** | 15.0% | 16.1% |
| ڕێژەی بێکاری، تەمەنی 15+ | **هەرێم** | 7.9% | 6.5% |
| | **دهۆك** | 8.3% | 7.3% |
| | **هەولێر** | 7.5% | 4.3% |
| | **سلێمانی** | 8.1% | 8.1% |
| ڕێژەی بێکاری، تەمەنی 15+، نێر | **هەرێم** | 5.2% | 4.4% |
| | **دهۆك** | 6.9% | 6.2% |
| | **هەولێر** | 4.8% | 2.8% |
| | **سلێمانی** | 4.6% | 4.8% |
| ڕێژەی بێکاری، تەمەنی 15+، مێ | **هەرێم** | 22.0% | 17.8% |
| | **دهۆك** | 17.8% | 16.0% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | هەولێر | 22.1% | 12.8% |
| | سلێمانی | 22.8% | 21.7% |
| ڕێژەی بێکاری لاوان (15-24) | هەرێم | 18.3% | 17.0% |
| | دهۆك | 19.1% | 14.9% |
| | هەولێر | 17.6% | 13.5% |
| | سلێمانی | 18.6% | 21.5% |
| ڕێژەی بێکاری لاوان (15-24)، نێر | هەرێم | 13.4% | 12.7% |
| | دهۆك | 16.50% | 13.6% |
| | هەولێر | 12.40% | 10.5% |
| | سلێمانی | 11.70% | 14.1% |
| ڕێژەی بێکاری لاوان (15-24)، مێ | هەرێم | 48.3% | 43.8% |
| | دهۆك | 42.50% | 28.6% |
| | هەولێر | 42.40% | 34.5% |
| | سلێمانی | 58.50% | 53.9% |
| ژمارەی کارمەندی موچەخۆر ( بە هەزار) | هەرێم | 819.3 | 872.3 |
| | دهۆك | 169.8 | 199.7 |
| | هەولێر | 308 | 342.9 |
| | سلێمانی | 341.5 | 329.8 |

## 11. گەشت و گوزار

| | MDG/CI | هەرێم | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گەیشتنی گەشتیاری بیانی، ژمارەی گەشتیاران (جگە لە وڵاتانی تری عەرەبی) | CI | 106,889 | 38,505 | 37,980 | 30,404 | - | KRSO |
| گەیشتنی گەشتیاری بیانی، کۆی رۆژەکانی سەردان (جگە لە وڵاتانی تری عەرەبی) | CI | 261,755 | 12,068 | 65,936 | 68,751 | - | KRSO |
| گەیشتنی گەشتیاری بیانی، ژمارەی گەشتیاران – لە وڵاتانی تری عەرەبی | CI | 46,379 | 2,089 | 26,084 | 18,206 | - | KRSO |
| گەیشتنی گەشتیاری بیانی، کۆی رۆژەکانی سەردان – لە وڵاتانی تری عەرەبی | CI | 120,654 | 5,431 | 63,898 | 51,325 | - | KRSO |
| تێبینی: ئامارەکان لە راپۆرتەکانی KRSO لەسەر بنەمای داتای وەرگیراو لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار . | | | | | | | |

بەهۆی هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە شوێنی مێژوویی و ئایینی و سروشتی، هاوشان لەگەڵ سەقامگیری ئابووری و سیاسی لەم چەند ساڵەی دوایدا، گەشت وگوزار و گەشتی بازرگانی بۆ هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی خێرا لە زیادبووندایە. بە بەراورد لەگەڵ کەمبوونەوەی بۆ چەند وڵاتێکی تری ناوچەکە بەهۆی ترس لە توندوتیژی و ناسەقامگیری سیاسی. راپۆرتی سیستمی چاودێری کۆمەڵایەتی-ئابووری چاودێری پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار دەکات لەڕێگای چەند نیشاندەرێکەوە کە پەیوەستن بە گەشتیاران و کۆمپانیاکان (بڕوانە پاشکۆی ب). لەم راپۆرتەدا، داتا پێشکەش دەکەین لەسەر ژمارەی گەشتیاری بیانی کە سەردانی ئوتێلەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن لەگەڵ کۆی ژمارەی رۆژانی مانەوەیان. سەرنج بدە کە ئەم نیشاندەرە تەنها بایەخ نادات بە سەردانی گەشتیاران بەڵکو بە جۆرەکانی تری سەردان، وەک بازرگانی.

خشتەکە جیاوازی دەکات لەنێوان گەشتیاری بیانی (دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی) و ئەوانەی لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە دێن (لە دەرەوەی عیراق). لە ساڵی رابوردودا نزیکەی 107,000 کەس سەردانیان کردوە لە وڵاتانی تری جگە لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە، کۆی مانەوەیان 262,000 رۆژ بووە. لەکاتێکدا ژمارەی سەردانەکان هاوشێوە بووە لەنێوان پارێزگاکاندا، ژمارەی رۆژەکانی مانەوە (ماوەی مانەوە) لە هەولێر زیاتر بووە لە

سلێمانی و دهۆک، ئەمەش چونکە هەولێر پایتەختی هەرێمە. کۆی سەردانەکان لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە (جگە لە سەردانی خەڵکی ناوچەکانی تری عێراق) کەمتر بووە لە نیوەی سەردانی بیانی.

## 12. گواستنەوە

| | MDG/CI | هەرێم | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی رووبەری شەقامی قیرتاوکراو، (بە کیلۆمەتر) | CI | 2013 | 14841 | 3777 | 5391 | 5673 | **ئاماری رێگاوبانی** KRG |
| کۆی رووبەری شەقامە سەرەکییەکان (بە کیلۆمەتر) | - | 2013 | 3825 | 1047 | 1469 | 1309 | **ئاماری رێگاوبانی** KRG |
| کۆی رووبەری شەقامە سەنتەرییەکان (بە کیلۆمەتر) | - | 2013 | 3984 | 980 | 1452 | 1552 | **ئاماری رێگاوبانی** KRG |
| کۆی رووبەری شەقامە گوندییەکان (بە کیلۆمەتر) | - | 2013 | 7033 | 1750 | 2470 | 2813 | **ئاماری رێگاوبانی** KRG |
| کۆی رووبەری شەقامە خێراکان (بە کیلۆمەتر) | - | 2013 | 0 | 0 | 0 | 0 | **ئاماری رێگاوبانی** KRG |

لەکاتێکدا کە کۆکردنەوە و هەماهەنگی کردنی داتاکان بەرەوپێش دەچێت، چاوەروان دەکەین ئەم بەشە نیشانەدری تێدابێت وەک رووبەری شەقامە قیرکراوەکان، ژمارەی ئۆتۆمبیل کە هاتوچۆ دەکەن لەنێوان شارە سەرەکییەکاندا، قەبارەی کالآی گوێزراوە بە رێگاکاندا، هەروەها داتا لەسەر ژمارەی بریندراى هاتوچۆ (بروانە پاشکۆی ب). لەم راپۆرتەی ئێستادا، سنووردارکراوین بۆ تەنها نیشاندەری یەکەم، **رووبەری شەقامە قیرتاوکراوەکان (بە کلیۆمەتر)** و دابەشکردنی بەپێی چەند پۆلێکی جیاواز. وەک نیشاندراوە، کۆی 14,841 کلیۆمەتر شەقامی قیرتاوکراو هەبوو لە هەرێمی کوردستان لە 2013. لەمە نزیکەی نیوەی (7,033 کلیۆمەتر) شەقامی گوندین. سیستەمی رێگاوبان لە هەولێر و سلێمانی پێشکەوتووترە وەک لە دهۆک، هۆکاری ئەمە کەمی ژمارەی دانیشتوانی دهۆکە. بەگشتی، ژێرخانی رێگاوبان لە هەرێمی کوردستان باش پەرەپێنەدراوە، بەڵگەیەک بۆ ئەمە نەبوونی رێگەی خێرایە کە شارەکانی هەرێم ببەستێتەوە بەیەکەوە.

## 13. بەڕێوەبردن

| | MDG/CI | هەرێمی کوردستان | بەغدا | عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| بەربلاوی بەرتیل بەپێی خێزان | - | 3.7% | 29.3% | 11.6% | *IKN (2011)* |
| ڕێژەی فەرمانبەران کە لانی کەم یەك جار بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە ساڵی رابردوو | - | 3.8% | 5.2% | 4.2% | *ICS (2011)* |
| ڕێژەی فەرمانبەران کە هاوڕانە کە زۆری خەڵك دوودڵن لە راگەیاندنی گەندەڵی بەهۆی نەبوونی نهێنی پارێزی | - | 61% | 66% | 62% | *ICS (2011)* |
| ڕێژەی فەرمانبەران کە بە هیچ رێکار تێپەڕ نەبوونە کاتی هەڵبژاردراون بۆ دامەزراندن | - | 54% | - | 19%[1] | *ICS (2011)* |

بەڕێوەبردن لێرەدا بریتییە لە کواڵێتی خزمەتی گشتی و ئەزموونی هاووڵاتیان کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ حکومەت. **بەربلاوی بەرتیل** ئاماژەیە بۆ رێژەی ئەو هاووڵاتیانەی پێدانی بەرتیل رادەگەینن کاتێك مامەڵە لەگەڵ فەرمانبەرێکی حکومی دەکەن لە ساڵی رابردوو. بەربلاوی بەرتیل لە هەرێمی کوردستان نزمترە (3.7٪) لە عیراق بەگشتی (11.6) و لە پارێزگای بەغدا (29.3٪). ئەم زانیاریە لە راگەیاندنی راستەوخۆی خێزانەکان وەرگیراوە، و دەشێ بەشێکی رانەگەینرابێت بەهۆی سروشتی هەستیاری پرسیارەکە. کاتێك فەرمانبەران پرسیاریان لێکرا ئایا بەرتیلیان پێشکشەکراوە لە ساڵی رابردوو، نزیکە 4٪ رایانگەیاند کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە، لە هەرێمی کوردستان و لە عیراق بەگشتی، بە جیاوازیەکی کەم لەگەڵ راگەیاندنی خێزانەکان. فەرمانبەران لە بەغدا رایانگەیاند کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە بە رێژەی کەمێك بەرزتر، 5.2٪. دووبارە، رەنگە هەندێك لە وەڵامدەرەوەکان ئەم بابەتە رانەگەیەنن.

خشتەی سەرەوە پوختەی تێروانینی فەرمانبەرانە سەبارەت بە ئەگەری دوودڵبوونی خەڵك لە راگەیاندنی بەرتیل. لە هەرێمی کوردستان و عیراق بەگشتی، نزیکەی 60٪ فەرمانبەران پێیان وایە کە ترس لە نەبوونی نهێنی پارێزی لە کاتی راگەیاندنی گەندەڵی دەبێتە هۆکاری دوودڵبوونی خەڵك لە ئەنجامدانی ئەم کارە. لە پارێزگای بەغدا ئەم رێژەیە 66٪.

له کۆتایی، بەڕێوەبردن ڕەنگدانەوەی کوالێتی و دەستپاکی خزمەتی گشتییە. داتاکان لەسەر جۆری ڕێکارەکانی پێویستە فەرمانبەران پێیدا تێپەڕبن کاتێك لە کارێکدا دادەمەزرێن چەند تێگەیشتنێك دەخەنەڕوو دەربارەی سەختی ڕێکارەکانی دامەزراندن، کە ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر کوالێتی خزمەتی گشتی. لە هەرێمی کوردستان زۆرینەی فەرمانبەران (54٪) رادەگەیەنن کە پێویستیان نەبووە بە هیچ ڕێکارێك تێپەڕبن کاتی دامەزراندنیان. ئەم ڕێژەش بەرزترە لە هی حکومەتی فیدڕاڵ کە (19٪).

## 14. دەرئەنجام

لەم راپۆرتەدا، پوختەیەکمان پێشکەش کرد لەسەر دۆخی ئابووری و گوزارەنی کۆمەڵایەتی-ئابووری خەڵکی کوردستان. ئەگەرچی لەئێستادا داتا بەردەست نییە بۆ دارِشتنی کۆمەڵێک نیشاندەری تەواو کە لە (پاشکۆی ب)دا ریزکراون، سەرەڕای ئەوەش توانیومانە شیکارێکی هەمەلایەن پێشکەش بکەین لەسەر دۆخی ئێستا. هەروەها سەرباری سنووورداری داتاکانەوە (بۆ نموونە، رووپێوی MICS5 ئێستا لەژێر جێبەجێکردن دایە، و ناتوانین داتاکانی MICS4 لە چاپەکانی پێشووی ئەم راپۆرتە بەراورد بکەین لەگەڵ داتاکانی MICS5، بەڵکو لە جیاتی ئەمە، داتاکانی IHSES2012 و IHSES2007 بەراورد دەکەین، ئەگەر شیاوبێت)، هەموو هەوڵێك دەدەین کە لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا برِۆین بە تێپەڕبوونی کات.

مەبەستمان لەم راپۆرتە ئەوەیە کە داتای پەیوەست بە سیاسەتەکانی حکومەت بەشێوەی ساڵانە پێشکەش بکەین و کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم بتوانن بەکاریانبهێنن بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێزەکان و گرفتەکان لەکاتی پرۆسەی برِیارداندا، هەروەها خەڵکی هەرێمی کوردستان بتوانن بەکاریانبهێنن بۆ ئەوەی زانیارییان هەبێت لەسەر دۆخی هەرێم. لەکاتێکدا کە دەستەی ئاماری هەرێم و فەرمانگەکانی تری حکومەت داتای زیاتر کۆدەکەینەوە، دڵنیاین لەوەی کە دەتوانین لیستێکی زیاتر هەمەلایەنی نیشاندەرەکانی کۆمەڵایەتی-ئابووری لە راپۆرتەکانی داهاتوودا پێشکەش بکەین، هەروەها ئاشنابوون بە گۆڕانکارییەکان لەم نیشاندەرانەدا.

.

## پاشکۆی أ: ئامانجە فەرمییەکانی پەرەپێدانی هەزاری (MDG)

## نیشاندەرەکان بۆ چاودێریکردنی پێشکەوتن

| ئامانجەکان (لە جاڕنامەی هەزارەوە) | نیشاندەرەکان بۆ چاودێریکردنی پێشکەوتن |
| --- | --- |
| **ئامانجی 1: نەهێشتنی هەژاری و برسێتی توند** | |
| ئامانجی 1.أ: لەنێوان 1990 و 2015دا ژمارەی ئەو کەسانەی داهاتیان کەمترە لە یەک دۆلار لە رۆژێکدا کەمبکرێتەوە بۆ نیوە | 1.1 ڕێژەی دانیشتوانی خوار $1 لە رۆژێکدا[15]<br>1.2 تێکڕای کەلێنی هەژاری<br>1.3 ڕێژەی هەژارترین 20%ی بەکاربردنی نیشتیمانی |
| ئامانجی 1.ب: بەدیهێنانی کاری تەواو و بەرهەمدار و شەرفمەندانە بۆ هەموان، لەگەڵ ئافرەتان و لاوان | 1.4 ڕێژەی گەشەی (GDP) بەپێی کرێکار<br>1.5 ڕێژەی کرێکار کە بە کەمتر لە $1 لە رۆژێکدا دەژین<br>1.6 ڕێژەی کار بۆ خۆکردن و کارمەندی خێزان لە کۆی ئەو کەسانەی کاردەکەن |
| ئامانجی 1.ج: لەنێوان 1990-2015 ڕێژەی ئەو کەسانەی بەدەست برسێتییەوە دەناڵێنن کەمبکرێتەوە بۆ نیوە | 1.7 منداڵی کێش کەمی خوار تەمەن پێنج ساڵ<br>1.8 ڕێژەی دانیشتوانی خوار کەمترین ئاستی بەکاربردنی خۆراکی پێویست |
| **ئامانجی 2: بەدیهێنانی خوێندنی سەرەتایی هەمەگیر** | |
| ئامانجی 2.أ: دڵنیاییکردن لەوەی کە تا 2015، منداڵان لە هەموو شوێنێک، کوڕان و کچان بەهەمان شێوە، دەتوانن قوتابخانەی سەرەتایی تەواو بکەن | 2.1 تێکڕای تۆمارکردن لە قوتابخانەی سەرەتایی<br>2.2 ڕێژەی ئەو قوتابیانەی قۆناغی 1 دەستپێدەکەن و دەگەنە دوا قۆناغی سەرەتایی<br>2.3 ڕێژەی خوێندەواری بۆ تەمەنی 15-24 ساڵ، ئافرەتان و پیاوان |
| **ئامانجی 3: برەودان بە یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی ی و تواناداركردنی ئافرەتان** | |
| ئامانجی 3.أ: نەهێشتنی نایەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی ی لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی تا 2005 ئەگەر کرا، و بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن تا 2015 | 3.1 تێکڕای کچان بەرامبەر کوڕان لە قوتابخانەی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی<br>3.2 ڕێژەی ئافرەتی موچەخۆر لە کەرتەکانی تر جگە لە کشتوکاڵ<br>3.3 ڕێژەی کورسی پەرلەمان کە ئافرەت پڕیکردۆتەوە لە پەرلەمانە نیشتیمانییەکاندا |
| **ئامانجی 4: کەمکردنەوەی مردنی منداڵی ساوا** | |
| ئامانجی 4.أ: کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنی منداڵی خوار پێنج ساڵ بە ڕێژەی دوو لە سێ لەنێوان ساڵانی 1990- 2015 | 4.1 ڕێژەی مردنی منداڵی خوار پێنج ساڵ<br>4.2 ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا<br>4.3 ڕێژەی منداڵی خوار تەمەن 1 ساڵ کە لە دژی سورێژە کوتراون |
| **ئامانجی 5: بەرەوپێشبردنی تەندروستی دایکایەتی** | |

[15] بۆ چاودێریکردنی ڕێچکەکانی هەژاری لە وولات، دەبێت نیشاندەرەکان بە پێی هێڵەکانی هەژاری نیشمانی بەکاربهێنرێن، ئەگەر بەردەستبوو.

| | |
|---|---|
| ئامانجی 5.أ: کەمردنەوەی ڕێژەی مردنی دایک لەکاتی منداڵبوون بە ڕێژەی سێ چارەک لەنێوان 1990 و 2015 | 5.1 ڕێژەی مردنی دایک لەکاتی منداڵبوون<br>5.2 ڕێژەی منداڵبوون لەسەر دەستی کارمەندی پزیشکی کارامە |
| ئامانجی 5.ب: بەدیهێنانی دەستگەیشتنی هەمەگیر بە تەندروستی وەچەخستنەوە تا 2015 | 5.3 ڕێژەی بەکارهێنانی مەنع<br>5.4 ڕێژەی هەرزەکار کە منداڵیان دەبێت<br>5.5 چاودێری پێش منداڵبوون (لانیکەم یەک سەردان و لاینکەم چوار سەردان)<br>5.6 پێداویستیە پڕنەکراوەکانی پلاندانانی خێزانی |
| ئامانجی 6: بەرەنگاربوونەوەی ئایدز/ئێچ ئای ڤی، مەلاریا و نەخۆشی تر | |
| ئامانجی 6.أ: ڕاگرتن و پێچەوانەوەکردنەوەی بڵاوبوونەوەی ئێچ ئای ڤی/ئەیدز تا 2015 | 6.1 بەربڵاوی ئێچ ئای ڤی لەناو دانیشتوانی تەمەن 15-24 ساڵدا<br>6.2 بەکارهێنانی کۆندۆم لە دوا ئەنجامدانی سێکسی مەترسی بەرزدا<br>6.3 ڕێژەی دانیشتوانی تەمەن 15-24 ساڵ کە زانیاری ورد و دروستیان هەیە لەسەر ئێچ ئای ڤی و ئەیدز<br>6.4 تێکڕای چوون بۆ قوتابخانەی منداڵی بێسەرپەرشتیار بە بەراورد بە منداڵی خاوەن سەرپەرشتیار بۆ تەمەنی 10-14 ساڵ |
| ئامانجی 6.ب: تا ساڵی 2010 بەدەستهێنانی دەستیگەیشتنی هەمەگیر بە چارەسەری ئێچ ئای ڤی/ئەیدز بۆ هەموو ئەوانەی پێویستیانە | 6.5 ڕێژەی دانیشتوان کە تووشبوونی ئاست بەرزیان هەیە بە ئێچ ئای ڤی و دەستیان دەگات بە دەرمانی پێویست |
| ئامانجی 6.ت: : ڕاگرتن و پێچەوانەوەکردنەوەی نەخۆشی مەلاریا و نەخۆشییە گەورەکانی تر، تا 2015 | 6.6 حاڵەت و ڕێژەی مردن بەهۆی مەلاریاوە<br>6.7 ڕێژەی منداڵی خوار تەمەن 5 ساڵ کە پەردەکولەی دژە مێشولەی پزیشکی بەکاردەهێنن<br>6.8 ڕێژەی منداڵی خوار تەمەن 5 ساڵ کە تایان هەیە و بە دەرمانی دژە مەلاریای گونجاو چارەسەر دەکرێن<br>6.9 ڕێژەی حاڵەت و بەربڵاوی و مردن بەهۆی سیلەوە<br>6.10 ڕێژەی حاڵەتی سیل کە دەستنیشان و چارەسەر کراوە لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی چارەسەی کورتدا |
| ئامانجی 7: دڵنیاییکردن لە ڕاگرتنی ژینگە | |

| | |
|---|---|
| ئامانجی 7.آ: پرسنیپی پەرەپێدانی بەردەوام بکرێتە بەشێک لە سیاسەت و پرۆگرامەکانی وڵات و پێچەوانەکردنەوەی دیاردەی لەدەستدانی سەرچاوەکانی ژینگە<br><br>ئامانجی 7.ب: کەمکردنەوە لەدەستدانی ژیانی سروشتی (بایۆدایڤێرستی)، بەدیهێنای کەمکردنەوەی بەرچاوی رێژەی لەدەستدان تا 2010 | 7.1 رێژەی زەوی داپۆشراو بە دارستان<br>7.2 کۆی دەرچوونی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەپێی تاکەکەس و بەپێی 1$ (GDP)<br>7.3 بەکارهێنانی ماددەی زیانبەخش بە ئۆزۆن<br>7.4 رێژەی سامانی ماسی لە سنوری بایۆلۆجی سەلامەتدا<br>7.5 کۆی رێژەی سەرچاوەکانی ئاوی بەکارهێنراو<br>7.6 رێژەی ناوچە وشکانی و ئاوییە پارێزراوەکان<br>7.7 رێژەی ئەو بونەوەرانەی هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە |
| ئامانجی 7.ت: تا ساڵی 2015 رێژەی ئەو کەسانەی دەستیان ناگات بە ئاوی خواردنەوەی پاک و ئاوەڕۆی گونجاو، کەمبکرێتەوە بۆ نیوە | 7.8 رێژەی دانیشتوان کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی چارەسەرکراو بەکاردەهێنن<br>7.9 رێژەی دانیشتوان کە ئاوەڕۆی چارەسەرکراو بەکاردەهێنن |
| ئامانجی 7.ث: تا 2020، بەرەوپێشچوونی بەرچاو بەدیبهێنرێت لە ژیانی لانیکەم 100 ملیۆن کەس لەوانەی نیشتەجێی ناوچە هەڕەمەکییەکانن (سلەم) | 7.10 رێژەی دانیشتوان شار کە لە ناوچە هەڕەمەکییەکان دەژین[16] |
| ئامانجی 8: دروستکردنی هاوکاری جیهانی بۆ پەرەپێدان | |
| ئامانجی 8.آ: دروستکردنی سیستەمێکی بازرگانی و دارایی کراوە، یاسایی، جێگەی پێشبینیکردن و ناهەڵاوێردی بێت<br>هەروەها پابەندبوون بە باشحوکمڕانی، پەرەپێدان و کەمکردنەوەی هەژاری – لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی<br><br>ئامانجی 8.ب: مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستییە تایبەتەکانی ئەو وڵاتانەی کەمترین گەشەیان سەندوە<br>ئەمانە دەگرێتەوە: دەستگەیشتنی بێ گومرگ و فەرمانە بۆ هەناردەی وڵاتە کەم گەشەسندووەکان؛ پرۆگرامی پێشکەوتووی خۆشبوون لە قەرز بۆ وڵاتانی هەژاری زۆر قەرزدار، هەروەها پوچەڵکردنەوەی قەرزی دوولایەنەی فەرمی و هاوکاری فەرمی بەخشندەتر بۆ پەرەپێدانی ئەو وڵاتانەی سوورن لەسەر کەمکردنەوەی هەژاری<br><br>ئامانجی 8.ت: مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستییە تایبەتەکانی وڵاتانی بەزەوی داخراوی تازەپێگەیشتوو و دورگەی بچووکی تازەپێگەیشتوو (لەڕێگای پرۆگرامی کارەوە بۆ پەرەپێدانی بەردەوامی دورگە بچووکە تازە پێگەیشتووەکان و دەرئەنجامی کۆبوونەوەی تایبەتی ژمارە بیست و دووی | هەندێک لەم نیشاندەرانەی خوارەوە بە جیا چاودێری دەکرێن بۆ ئەو وڵاتانەی کەمترین گەشەسەندیان بەدیهێناوە، ئەفریکا، وڵاتە بەزەوی داخراوەکان و دورگە بچووکە تازەپێگەیشتووەکان.<br><br>هاوکاری فەرمی بۆ پەرەپێدان<br>Official development assistance (ODA)<br>8.1 کۆی هاوکاری فەرمی بۆ پەرەپێدان، کۆی بۆ ئەو وڵاتانەی کەمترین گەشەسەندیان بەدیهێناوە، وەک رێژەی سەدی لە (OECD/DAC) داهاتی نیشتیمانی کۆمەکبەخش<br>8.2 رێژەی کۆی (ODA of OECD/DAC) کۆمەکی یەکلایەنە، دیاریکراو بەپێی کەرت، بۆ خزمەتگوزارییە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکان (پەروەردەی بنەڕەتی، چاودێری تەندروستی بنەڕەتی، خۆراک، ئاو و ئاوەڕۆی سەلامەت)<br>8.3 رێژەی هاوکاری فەرمی بۆ پەرەپێدان لە |

[16] رێژەی راستەقینەی ئەو کەسانەی لە ناوچە هەڕەمەکییەکاندا دەژین، لەڕێگای نوێنەرایەتییەوە دەپێورێت، لەڕێگای نوێنەرایەتی ئەو خێزانە شارنشینانەوە کە لانیکەم یەکێک لەم چوار تایبەتمەندییەیان هەیە: (آ) نەبوونی سەرچاوەی ئاوی چارەسەرکراو، (ب) نەبوونی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو، (ت) قەرەباڵغی (3 کەس یان زیاتر بۆ یەک ژوور)؛ (ث) خانووەکە لە کەرەستەی تەمەندرێژ دروستنەکراوە.

| | |
|---|---|
| ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان)<br><br>ئامانجی 8.ث: مامەڵەکردنی هەمەلایەن لەگەڵ کێشەکانی قەرزی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان لەڕێگای ڕێکاری نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەوە بۆئەوەی بەردەوامی بدرێت بە قەرزەکان لە مەودای دووردا | کۆمەکبەخشی (OECD/DAC) کە یەکخراوە<br>8.4 (ODA) وەرگیراو لەلایەن وڵاتی بەزەوی داخراوی تازەپێگەیشتوو وەک ڕێژەیەک لە بەرزبوونەوەی داهاتی نیشتیمانیان<br>8.5 (ODA) وەرگیراو لەلایەن دوورگەی بچووکی تازەپێگەیشتوو وەک ڕێژەیەک لە بەرزبوونەوەی داهاتی نیشتیمانیان<br>دەستگەیشتن بە بازاڕ<br>8.6 ڕێژەی کۆی هاوردەی بێ گومرگی وڵاتانی پێگەیشتوو (بەپێی بەهاکەی و جگە لە چەک) لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان و ئەوانەی کەمترین پەرەسەندنیان بەدیهێناوە<br>8.7 تێکڕای گومرگی دانراو لەلایەن وڵاتە پێگەیشتووەکانەوە لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی و قوماش و جلوبەرگی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان<br>8.8 خەمڵاندنی هاوکاری کشتوکاڵی بۆ وڵاتانی (OECD) وەک ڕێژەی سەدیی گەشەی داهاتی ناوخۆیی (GDP)<br>8.9 ڕێژەی (ODA)ی پێشکەشکراو بۆ یارمەتیدانی بونیاتنانی توانای بازرگانی<br>بەردەوامی قەرز<br>8.10 کۆی ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە گەیشتوون بە خاڵەکانی بڕیاری وڵاتی هەژاری زۆر قەرزدار (HIPC) و ژمارەی ئەوانەی گەیشتوون بە خاڵەکانی تەواوکردنی (HIPC)<br>8.11 خۆشبوون لە قەرز بەپێی پرۆژەکانی (HIPC) و (MDRI)<br>8.12 خزمەتگوزاری قەرز وەک ڕێژەی سەدیی هەناردەکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان |
| ئامانجی 8.ج: بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرمان، ڕێخۆش بکرێت بۆ دەستگەیشتن بە دەرمانی گرنگ بۆ وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان | 8.13 ڕێژەی دانیشتوان کە دەستیان دەگات بە دەرمانی پێویست بە نرخی گونجاو و بەشێوەی بەردەوام |
| ئامانجی 8.ح: بەهەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت، سوودەکانی تەکنەلۆجیای نوێ فەراهەم بکرێن، بەتایبەتی زانیاری و پەیوەندییەکان | 8.14 هێڵی تەلەفۆنی جێگیرکراو بۆ هەر 100 کەسێک<br>8.15 بەشداری لە هێڵی مۆبایل بۆ هەر 100 کەسێک<br>8.16 بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بۆ هەر 100 کەسێک |

سەرچاوە: http://mdgs.un.org/unsd/mdg/Host.aspx?Content=indicators/officiallist.htm

## پاشکۆی ب – لیستی تەواوی نیشاندەرەکانی سیستمی چاودێری کۆمەڵایەتی-ئابووری

*(سەرنج: نیشانەی * ئاماژەیە بۆ ئەو نیشاندەرانەی لە راپۆرتەکانی داهاتوودا پێشکەش دەکرێن)*

| نیشاندەر | نیشاندەری سەرەکی (CI)؟<br>نیشاندەری ئامانجی پەرەپێدانی هەزارە (MDG)؟ | سەرچاوە<br>(رووپێو یان فەرمانگە، نیشاندەرەکانی (*) سەرضاوەکان بۆ راپۆرتەکانی داهاتووە) |
|---|---|---|
| **هەژاری** | | |
| رێژەی دانیشتوان کە بە کەمتر لە $2,50 لە رۆژێکدا دەژین* | | IHSES 2102 |
| رێژەی دانیشتوان کە بە کەمتر لە $1.25 لە رۆژێکدا دەژین* | MDG | IHSES 2102 |
| کەلێنی هەژاری | MDG | IHSES 2102 |
| ريِذەی هەذاری | | |
| ريِذەی هەژارترین 20%ی دانیشتوان لە کۆی داهات (بەکاربردن)* | MDG | IHSES 2102 |
| رێژەی کارمەندی مەترسی لەسەر (کاربۆخۆکردن و کارکردن بۆ خێزان) لەکۆی کارمەندان | MDG | KRLFS |
| بەربڵاوی کەمی کێش (مامناوەندی و بەرز) لەناو منداڵانی خوار 5 ساڵ | MDG | MICS |
| بەربڵاوی کەمی کێش (بەرز) لەناو منداڵانی خوار 5 ساڵ | | MICS |
| بەربڵاوی دواکەوتنی گەشە (مامناوەندی و بەرز) لەناو منداڵانی خوار 5 ساڵ | | MICS |
| بەربڵاوی دواکەوتنی گەشە (بەرز) لەناو منداڵانی خوار 5 ساڵ | | MICS |

| | | |
|---|---|---|
| پەروەردە | | |
| ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی سەرەتایی | MDG | MICS 2011 |
| کۆی ڕێژەی تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی | MDG | MICS 2011 |
| ڕێژەی تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی | | MICS 2011 |
| خوێندەواری 15-24 ساڵ، نێر | MDG | KRLFS |
| خوێندەواری 15-24 ساڵ، مێ | MDG | KRLFS |
| ژمارەی قوتابخانەی دروستکراو لەماوەی ساڵدا* | CI | وەزارەتی پەروەردە |
| ژمارەی مامۆستای نوێی راهێنراو لەماوەی ساڵدا* | CI | وەزارەتی پەروەردە |
| کۆی ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی ناوەندی | CI | KRLFS 2012 |
| ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی ناوەندی | CI | KRLFS 2012 |
| ڕێژەی تەواوکردنی قوتابخانەی ناوەندی | CI | وەزارەتی پەروەردە |
| ڕێژەکانی دووبارەکردنەوەی قۆناغ* | | وەزارەتی پەروەردە |
| وازهێنان* | | وەزارەتی پەروەردە |
| خەرجییەکان بۆ پەروەردە* | | وەزارەتی دارایی |
| جۆری کۆمەڵایەتی | | |
| خشتەی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ قوتابخانەی سەرەتایی | MDG | MICS 2011 |
| خشتەی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ قوتابخانەی ناوەندیی | MDG | MICS 2011 |
| خشتەی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ قوتابخانەی دواناوەندی | MDG | KR-LFS2012 |

| | | |
|---|---|---|
| ڕێژەی ئەندام پەرلەمانی ئافرەت لە پەرلەمانی نیشتیمانی | MDG | سەرچاوەی فەرمی |
| ڕێژەی ئافرەتی بێوەژن | | KRLFS |
| ڕێژەی خێزان کە ئافرەت بەڕێوەی دەبات | | KRLFS |
| ڕێژەی ئافرەتی تەمەن 15-19 ساڵ کە هاوسەرگیرییان کردوە | | MICS |
| کۆی ڕێژەی منداڵبوون | | MICS |
| **تەندروستی** | | |
| ڕێژەی مردنی خوار پێنج ساڵ | MDG | MICS |
| ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا | MDG/CI | MICS |
| کوتان لەدژی سورێژە تا تەمەنی 12 مانگ | MDG | MICS |
| کوتان لەدژی سیل تا تەمەنی 12 مانگ | | MICS |
| کوتانی دی تی پی تا تەمەنی 12 مانگ | CI | MICS |
| کوتان لەدژی ئیفلیجی منداڵان تا تەمەنی 12 مانگ | | MICS |
| هەموو کوتانەکان تا تەمەنی 12 مانگ | | MICS |
| منداڵبوون لەسەر دەستی کارمەندی کارامە | MDG | MICS |
| بەربڵاوی مەنع | MDG | MICS |
| زانیاری ورد لەسەر (ئێچ ئای ڤی)، تەمەن 15-24 ساڵ | MDG | MICS |
| ڕێژەی مردنی دایک لەکاتی منداڵبوون* | | وەزارەتی تەندروستی |
| مردن بەهۆی شێرپەنجەوە* | | وەزارەتی تەندروستی |

| | | |
|---|---|---|
| حاڵەتی سیل* | | وەزارەتی تەندروستی |
| متمانەی هاولاتیان بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی* | | IHSES 2012 |
| ڕێژەی حاڵەتی دەستنیشانکراو و چارەسەرکراوی سیل بەپێی چارەسەری کورت لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆدا* | | وەزارەتی تەندروستی |
| ژمارەی بنکەی تەندروستی بۆ هەر 10.000 کەس* | CI | وەزارەتی تەندروستی |
| ژمارە و چڕی پزیشک بۆ هەر 10.000 کەس* | CI | وەزارەتی تەندروستی |
| ژمارەی تەختی نەخۆشخانە بۆ هەر 10.000 کەس* | CI | وەزارەتی تەندروستی |
| ڕێژەی سەدیی ئەو ناوچانەی ستانداردەکان بەدیدەهێنن سەبارەت بە ژمارەی بنکەی تەندروستی گشتی (1 بنکە بۆ هەر 10.000 کەس)* | CI | وەزارەتی تەندروستی |
| ڕێژەی سەدیی ئەو ناوچانەی ستانداردەکان بەدیدەهێنن سەبارەت بە ژمارەی لقی بنکەی تەندروستی گشتی (1 لق بۆ هەر 5.000 کەس)* | CI | وەزارەتی تەندروستی |
| **کشتوکاڵ** | | |
| ڕێژەی کارمەندانی چالاکییە کشتوکاڵییەکان | | KRLFS |
| زەوی بەکارهاتوو بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی | CI | دەستەی ئامار/وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| ئاوی بەکارهاتوو بۆ ئاودێری* | CI | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| ڕێژەی سەدیی زەوی کشتوکاڵی کە ئاودێری هەیە* | | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |

| | | |
|---|---|---|
| | | ئاو |
| بەرهەمهێنانی دانەوێڵە (گەنم، برنج)* | CI | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| بەرهەمهێنانی درەختی بەها بەرز (ترێ، هەنار)* | CI | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| نرخ و بڕی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان (ناوخۆیی)* | | دەستەی ئامار |
| نرخ و بڕی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان (هاوردەکراو)* | | دەستەی ئامار |
| داهاتی ساڵانەی کشتوکاڵ* | | دەستەی ئامار |
| **دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، ئاو و کارەبا** | | |
| ڕێژەی دانیشتوان کە سووتەمەنی ڕەق بەکاردەهێنن | | MICS |
| ڕێژەی دانیشتوان کە ئاوەڕۆی چارەسەرکراو بەکاردەهێنن | MDG | MICS |
| ڕێژەی دانیشتوان کە سەرچاوەی ئاوی چارەسەرکراو بەکاردەهێنن | CI/MDG | MICS |
| یەدەگی ئاوی سەرزەوی* | CI | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| پشکی ئاوی سەرچاوە ناوخۆییەکان لە ئابووریدا* | CI | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| لەدەستچوونی ئاو لەمیانەی دابەشکردندا* | CI | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی |

| | | |
|---|---|---|
| | | ئاو |
| توانای بەرهەمهێنانی یەکە* | CI | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| شایستەیی (جدوی) توانای یەکە* | CI | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| بەرزترین ئاستی خواست (لۆد)* | CI | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| **ئابووری گشتی** | | |
| کۆی خەرجییەکانی حکومەت | CI | دەستەی ئامار |
| هەڵئاوسان (گۆڕان لە خشتەی نرخەکانی بەرکاربەر) | CI | دەستەی ئامار |
| خەرجی تاکەکەسیی بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان* | CI | دەستەی ئامار |
| هەناردەکردنی کاڵا* | CI | وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، وەزارەتی دارایی |
| هاوردەکردنی کاڵا* | CI | وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، وەزارەتی دارایی |
| **کەرتی تایبەت** | | |
| ڕێژەی کارمەندانی کەرتی تایبەت لە کۆی کارمەندان | | KRLFS |
| ڕێژەی سەدیی کارمەندان بەپێی چالاکی ئابووری (کشتوکاڵ، خزمەتگوزارییەکان، پیشەسازی) | CI | KRLFS |

| | | |
|---|---|---|
| ژمارەی کۆمپانیاکان بەپێی چالاکی ئابووری* | CI | وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/دەستەی ئامار |
| ئاستی هاتنی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی* | CI | وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/دەستەی ئامار |
| وەبەرهێنانی جێگیر بەپێی کۆمپانیاکان* | CI | وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/دەستەی ئامار |
| تەلەفۆنی مۆبایل بۆ هەر 1.000 کەس* | CI | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن |
| بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت بۆ هەر 100 کەس* | CI | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن |
| **بازاڕی کار** | | |
| ڕێژەی بەشداری هێزی کار بۆ تەمەنی 15+ | | KRLFS |
| ڕێژەی بەشداری هێزی کار بۆ تەمەنی 15+ نێر | | KRLFS |
| ڕێژەی بەشداری هێزی کار بۆ تەمەنی 15+ مێ | | KRLFS |
| ڕێژەی بێکاری بۆ تەمەنی 15+ | CI | KRLFS |
| ڕێژەی بێکاری بۆ تەمەنی 15+ نێر | | KRLFS |
| ڕێژەی بێکاری بۆ تەمەنی 15+ مێ | | KRLFS |
| ڕێژەی بێکاری گەنجان (15-24) | | KRLFS |
| ڕێژەی بێکاری گەنجان (15-24) نێر | | KRLFS |
| ڕێژەی بێکاری گەنجان (15-24) مێ | | KRLFS |
| ژمارەی کارمەندی موچوخۆر (هەزار) | | KRLFS |
| **گەشت وگوزار** | | |
| گەیشتنی گەشتیاری بیانی، ژمارەی گەشتیاران (جگە لە وڵاتە عەرەبییەکانی تر) | CI | وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار/دەستەی ئامار |

| | | |
|---|---|---|
| گەیشتنی گەشتیاری بیانی، ژمارەی رۆژانی مانەوە (جگە لە وڵاتە عەرەبییەکانی تر) | CI | وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار/دەستەی ئامار |
| گەیشتنی گەشتیاری بیانی، ژمارەی گەشتیاران (لە وڵاتە عەرەبییەکانی ترەوە) | CI | وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار/دەستەی ئامار |
| گەیشتنی گەشتیاری بیانی، ژمارەی رۆژانی مانەوە (لە وڵاتە عەرەبییەکانی ترەوە) | CI | وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار/دەستەی ئامار |
| تێکرای خەرجی رۆژانە* | CI | وەزارەتی ناوخۆ (تۆماری کارگێڕی)/وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار/دەستەی ئامار |
| **گواستنەوە** | | |
| کۆی رووبەری شەقامی قیرتاوکراو (کیلۆمەتر) | CI | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن / وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار<br>بۆ شەقامە سەرەکییەکان |
| کۆی رووبەری شەقامە سەرەکییەکان (کیلۆمەتر) | CI | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن / وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار |
| کۆی رووبەری شەقامە ناوەندییەکان (کیلۆمەتر) | CI | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن / وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار |
| کۆی رووبەری شەقامە گوندییەکان (کیلۆمەتر) | CI | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن / وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار |
| کۆی رووبەری شەقامە خێراکان (کیلۆمەتر) | CI | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن / وەزارەتی شارەوانی |

| | | |
|---|---|---|
| | | و گەشتوگوزار |
| ئۆیۆمبیلی نەفەر کە لە نێوان شارە سەرەکییەکاندا هاتوچۆ دەکەن* | CI | وەزارەتی گواستنەوە |
| کالآی گوازراوە بە شەقامەکاندا (تەن/کاتژمێر)* | CI | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن |
| بیرنداری پێکداداان* | CI | وەزارەتی ناوخۆ / وەزارەتی تەندروستی |
| بەڕێوەبردن | | |
| بەربلاوی بەرتیل بەپێی خێزان | | دەستەی ئاماری هەرێم و دەزگای ناوەندی ئامار |
| ڕێژەی فەرمانبەران کە لانی کەم یەك جار بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە ساڵی رابردوو | | دەستەی ئاماری هەرێم و دەزگای ناوەندی ئامار |
| ڕێژەی فەرمانبەران کە هاوڕانە کە زۆری خەڵك دوودڵن لە راگەیاندنی گەندەڵی بەهۆی نەبوونی نهێنی پارێزی | | دەستەی ئاماری هەرێم و دەزگای ناوەندی ئامار |
| ڕێژەی فەرمانبەران کە بە هیچ ڕێکار تێپەڕ نەبوونە کاتی هەڵبژاردراون بۆ دامەزراندن | | دەستەی ئاماری هەرێم و دەزگای ناوەندی ئامار |

وەزارەتی پلان دانان - دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

www.krso.net